MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

PDF4Kurd

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

گاوخونی

# گــاوخونــی

نووسینی
جعفر مدرس سادقی

وەرگێڕانی
خەبات ڕەسوڵی

هەولێر - ٢٠٠٨

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

● گاوخونی

● نووسینی: جعفر مدرس سادقی

● وەرگێڕانی: خەبات ڕەسوڵی

● نەخشەسازی ناوەوە: طـه حسین

● بەرگ: ئاسۆ مامزادە

● پیتچنین: اسماعیل طـه

● ژمارەی سپاردن: (١٨٣٦)

● نرخ: (١٥٠٠) دینار

● چاپی یەکەم : ٢٠٠٨

● تیراژ: ٥٠٠ دانە

● چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٣٠٩)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

پێشکەشە

به گەڵای سەوزی دەفتەری ژینم

سەبا خانم

## بەشی یەکەم

لەگەڵ باوکم و چەند گەنجێك، رێك وەبیرم نایەت چەند کەس بوون و تەنیا یەکیانم دەناسی کە ئەویش گوڵچین- مامۆستای پۆلی چواری سەرەتاییم بوو- لەناو رووبارێك کە زایەندەروودی ئیسفەهان بوو، مەلەمان دەکرد.

شەو بوو، ئاسمان ساماڵ بوو، مانگە شەوی چواردە دەدروشاوە. تەنیا ئیمە ئەو چەند کەسە لەناو ئاوەکەدابووین. نەلەناو ئاو و نە لەدەرەوی ئاوەکە کەسێکی تر دیار نەبوو. سی و سێ پرد لە مەودایەکی نەك هێندەش دوورەوە لێمان دیار بوو.

دارەکانی قەراغ ئاو، مەحجەرەی تەنیشت شۆستەی شەقامی پەهلەوی پەنا رووبار، تەنانەت تاپۆی بەرز و نووك تیژی شاخی صۆفە لە پشتەوەی دارەکانەوە دیاربوو.

ئاوەکە گەرم بوو. مەندبوو. وەك بڵێی مەلەوانگەیەکی گەورەبێ. ئاوەکە تا سەر ملم دەهات. راوەستا بووم. هەمووومان لەنێو ئاوەکەدا راوەستا بووین، چاومان لە دەوروبەرمان دەکرد و قسەمان دەکرد.



باوکم گوتی: ((کوڕینە بەدڵی خۆتان رابوێرن، ئەم رووبارە هەمووی ئی ئێمەیە تاکو دەتوانن رابوێرن)).

یەکێك لە پیاوەکان کە هەرگوڵچین بوو- من لێرەوە لەگەڵی ئاشنا بووم - ئاماژەی بە سی و سێ پرد کرد و گوتی: ((ژێر پردەکانیش ئی ئێوەیە؟)) هەموو پێکەنین. تەنیامن و باکم پێنەکەنین. باوکم پێی ناخۆشبوو. منیش بیستبووم کە ژێر پردەکان جێگایەکی باش نییە. منیش پێم ناخۆش بوو .

پاشان باوکم بەسەروە چووە ژێر ئاوەکە و بێنی لێدا و بڕیك لەولاوەتر هاتەدەرێ .

گوڵچین ((زۆردوورمەکەوە لەولایە گۆمێکی لێیە)).

باوکم بزەیەکی کرد و گوتی ((خەمت نەبێ هەمووشوێنێکی ئەم رووبارە وەك بەری دەستم شارەزام)) دیسان رۆیشتەوە.

من چاوەرێ مامەوە لە شوێنێکی تر بێتەوە دەرێ، بەڵام هەواڵی نەبوو گوتم: لەوانەیە زۆر دوورکەوتبێتەوە، چونکە دەمزانی پشوودرێژە یان رەنگبێ دەیویست گاڵتەمان لەگەل پێ بکات و لەشوێنێکی دیکەوە خۆی دەربخات . بەدەوری خۆمدا سووڕامەوە. بەڵام دیسان دیار نەبوو. چاوم لێکرد گەنجەکان لێی بێ خەمن و پێکەوە قسە دەکەن و جاری وایە ئاو بە یەکتر دادەکەن و پێدەکەنن.

دوو دڵ بووم وەسەر خۆمی بێنم یان نا. دەترسام ئەگەر وەسەر خۆمی بینم و هات و هاواربکەم، پێم پێبکەنن، چونکە باوکم لێی نەدەهاتەوە بخنکێ. هەر ئەو کاتە بینیم کەسێك لەقەراغ ئاوەکە دەستی راوەشاند و

بەهات و هاوارەوە قسەیەکی دەکرد چومە پێشێ دایکم بوو، بەڵام سەیرەکەی لەوە دابوو بێ عەبا و چارشێوبوو، بە پانتۆڵێکی فشەوە، کەکاتی نوستن لەبەری دەکرد و بەپرچێکی ئاڵۆزکاوەوە هاتبوو، هیچ کاتێك نەم بینی بوو دایکم بێ چارشێو و عەبا لە ماڵ وەدەرکەوێ دیاربوو لەخەو راپەڕیبوو رێك لەنێو نوێن و بانەکەوە هاتبووە ئێرە. خۆم گەیاندە بەستێنی ئاوەکە بینیم دەڵێ: ((دیسان ئێوە هاتوونەتەوە ناو ئاوەکە؟ بەیانی ناو ئاو، وەخت و بێ وەخت هەر لەناو ئاودان؟)).

قاچەکانم و گشت ئازای گیانم خوسابوو. سەرەتا پێم وابوو جێگاکەم تەڕکردووە. چونکە لەمنداڵیشدا، هەرکاتێك خەونم بە ئاوەوە دەبینی، نوێن و بانەکەم تەڕدەکرد.

بەڵام ئێستازۆر لەکاتی منداڵیم تێپەڕ بووە ـ بیست و چوارساڵ تەمەنم بووـ و لە مێژیشە ئیتر خۆم تەڕ نەدەکرد، هەرکاتێك خەونم بەئاوەوە دەبینی، هەر لەناوخەونەکەدا، ترسم لێدەنیشت هەوڵم دەدا وەخەبەربێم. هەرلەناو خەونەکەدا، لەهەر شوێنێکی خەونەکەمدا بوایام، هەڵبەز دابەزم دەکرد، تاکو وەخەبەر بێم. کە وەخەبەر دەهاتم دەمبینی هێندەی نەمابوو خۆم تەڕ بکەم.

دەبوایە هەستابایەم و دەستم بە ئاو گەیاندبایە.

بە خێر گەڕا تەنیا ئارەقەم کردبوو وەبیرم نەدەهاتەوە لەناو ئاوەکەدا ـ ئاوی ئەو خەونەـ پێم لەئەرزی کوتابێ.



یان هەڵبەز دابەزم کردبێ، ئەوەش هۆیەکەی گەرمی ئاوەکە بوو، ئەوکاتەی لەترسان پێم لەئەرزی دەکوتا، هەم تەڕبوو، هەم ساردبوو، هەر لەو ساردییەش دەترسام، بەڵام لە نێوئاوی ئەو خەونانە دا نەباسێك لەساردی هەبوو نەلە تەڕایی، ئەو ئاوە رێك بەڕادەی پێویست ساردبوو، یان گەرم بوو بەقەدەر لەشم هەستم پێنەدەکرد، لەوانەیە بەهۆی وێنەی مانگەوە بێ کە کەوتبووە ناوئاوەکەوە. یان بەهۆی وێنەی پردەکەوە زانیبێتم کەئاوە، ئەرێ بەڕاست وێنەی مانگیش دیاربوو؟ وەبیرم نایەت، چی دیکە؟ چۆن بوو؟ چ رەنگێکی هەبوو؟ تەنانەت خەریکبوو لەبیرم دەچووە ئێمە لە نێو ئەم ئاوەدا خەریکی چی بووین، دەبوایە ئەم خەونەم بنووسمەوە، نابێ لەبیرم بچێتەوە.

لەسەرمان دەلەرزیم لە ئارەقەدا خوسابووم، هەر ئەرخوسانەش یارمەتی دام لە جێگاکەم بێمە دەرێ، لەنێوان ئەو جێگاوبانانەی کە لەژوورەکەدا راخرا بوون بەئەسپایی هاتمە دەرێ و هەوڵمدا پێ لەسەر کەس نەنێم و خۆم گەیاندە مەتبەخ و گڵۆپەکەم پێکرد، لەبەرتیشکی گڵۆپی مەتبەخەکە و لەسەر مێزی خەشایار، هاوماڵە شاعیرەکەم ، کەلەناو نوێن و بانەکەی خۆیدا و لەژێر مێزەکە نوستبوو، قەڵەم و کاغەزێکم دۆزییەوە و هاتمەوە مەتبەخەکەو دەرگاکەم داخست، لەپەنا پەنجەرەکە لەسەر کورسیە پۆلۆنیا ساردەکە دانیشتم و بە پەلە پەل ئەو خەونەی بینیبووم نووسیمەوە.

# بەشی دووهەم

ئاپارتومانەکەی ئێمە پترلە ژوورێك نەبوو. دەرگاکەت کە دەکردەوە، دەهاتیە ژوورێکی گەورەوە کەهەم شوێنی میوانان و هەم ژووری کار و هەم ژووری نووستن بوو. مەتبەخێکی بچووکیش بەژوورەکەوە نوسابوو. سووچێکی ژوورەکە مێزی نووسین و کتێبخانە بچووکەکەی خەشیارــ کەخۆی بەشاعیر دادەنا و گۆشەیەکی جێگەی نوێنەکانی و گۆشەیەکی ئی جلەکانی بوو هەرچەند جلەکانی حەمید زۆربەی جێگەکەی پرکردبۆوە، ئەمن و خەشایار جلێکی کەممان هەبوو، کەمتر بەخۆمان ڕادەگەیشتین. خەشایار لەبەرئەوەی کەشاعیربوو، منیش بەو هۆیە کەبێ پارەبووم و سالێکیش دەبوو کە بێ ئیش بووم. حەمید هەموو رۆژێ جلی بەپاك و خاوێنی لەبەردەکرد و بۆنی لەخۆی دەدا و ردێنی دەتاشی، بەلاّم چونکە بەتەمابوو ژن بهێنێ، ئەوهەرلە ئێستاوە مێردی ژنی داهاتووی بوو، بەلاّم چونکە مالّی کرێی وەدەست نەکەوت یان ئەگەر وەدەستی کەوتبا کرێکە هێندە گران بوو کە لەگەلّ مووچەی کارمەندی ئەو ((ئەو و خەشایار



هەردووکیان کارمەندبوون)) رێك نەدەکەوت نەیدەتوانی ئاپارتومانێکی سەربەخۆ بەکرێ بگرێ و لەگەلّ ژنەکەی بچێتە نێوی و هەنووکە لە ئەو ژوورەدا و لەگەلّ ئێمە هەلّیدەکرد. خەشایاریش ـ وەك هەموو شاعیرەکان پرچێکی درێژ و سمێلّێکی قەبەی دانابوو کەلێوەکانی دادەپۆشی دەیوت لەگەلّ شیعر زەماوندی کردووە و بەقەولی خۆی مێردی شیعربوو.

تەنیا سەلّتی مالّی من بووم لەکاتێکدا بەڕوالّەت ئێرە مالّی سەلّتان بوو، کاتێك بەدوای مالّدا دەگەڕاین هەموو دەیانگوت مالّ بە سەلّت نادەین و لەئەنجامدا بەچ چەرمەسەرییەك ئێرەمان دۆزییەوە چەند بەناقایلی ئێرەیان بەئێمە سپارد و هێشتا دراوسێکان ـ بەوخەیالّە کەئێمە سەلّتین ـ بەمۆرەوە تێیان دەڕوانین.

چونکە کرێکەمان بەسەر سێ کەسدا دابەش دەکرد بۆ هەر کاممان شتێکی وانەدەکەوت ، بەلاّم شوێنەکەمان زۆرتەنگ و بەرتەسك بوو، ئەگەر شەوێك یەکمان نەدەهاتەوەو بۆسەفەر دەڕۆیشت دووکەسەکەی تر جێژنەیان بوو ، چونکە شوێنێکی بەرفراوانتریان دەبوو بۆ جوولاّنەوە.

لە ڕۆژەڕەشی من ئەو دوانەی تر زۆربەی شەوەکان لەمالّ بوون و قەت نەدەچوونە سەفەر، حەمید تەنانەت سالّەو سالّیش سەردانی مالّی خۆیانی لەئیسفەهان نەدەکرد۔ چونکەلێرە سەری بەپرۆسەی ژندارییەوە گەرم بوو۔ و خەشایاریش بنەمالّەکەی لە تاران بوون و ئەو تەنیا بۆشیعر نووسین پەنای بۆ ئێرە هێنابوو، ئەو سالّ لە بەهارەوە تا پاییز لە ئیسفەهان مامەوە و هێشتاش بەشە کرێی خۆم دانەنابوو بەلاّم هێشتاش ئێرەبەمالّی

خۆم دادەنێم (بەڵێنم بەکوڕەکان دابووکە بەو زوانە کارێك ببینمەوە و هەموو قەرزەکەم وردە وردە بدەمەوە) چونکە دەمویست بەهەر چەشنێك بێ لەتاران بم و دەشمزانی لێرە نەبێ لە هیچ کۆشێکی ئەو شارەدا رێگەم پێ نادەن.

ئەو شەوەی کەئەوخەونەم بینی ناوەڕاستی بەفرانباربوو حەووتویەکی بۆساڵ وەگەڕی مەرگی باوکم مابوو، لەپارەکەوە تائەوشەوە زۆرم خەو لەتاران یان لەئیسفەهان پێوە بینیوە، بەڵام تەنیا یەك دووجار لەبیرم دەما چ خەونێکم دیوە، هەموو خەونەکانم بەیانی کە لەخەو هەڵدەستام یان نیوەشەو کە لەخەو رادەپەڕیم لە یادم دەمان کەچی لەدرێژای رۆژدا، یان هەرئەوەندەی کە خەوم لێدەکەوتەوە لەبیرم دەچونەوە، هەرئەوەندەم دەزانی کەبەردەوام خەون بە باوکمەوە دەبینم، ماوەیەك بوو بەتەمابووم خەونەکانم بنووسمەوە، بەڵام تەمبەڵی لێ نەدەگەڕا و نەم دەنووسینەوە، دەمویست بزانم چ جۆرە خەونێك دەبینم و بۆچی یادی لێم ناگەڕێ و ئازارم دەدات ولەکۆڵم نابێتەوە.

کاتێك ئەوەندەی لەخەونەکە لەبیرم بوو نووسیمەوە و پێداچوومەوە زۆرشتی دیکەم وەبیرهاتەوە کەحەزم دەکرد ئەوانیش بنووسم بەهێواشی بۆئەوەی کەس وەبەخەبەر نەهێنم رۆیشتم لەژورێ کاغەزێکەم هێنا.

لەسەرکورسیە پۆلۆنیایەکە- هێشتا گەرم بووە- دانیشتم و دەستم کردەوە بەنووسینی، گڵۆپی پێکراو و بوونی منی موزاحیم، ئاسایشی قالۆچەکانی تێکدابوو. سەرەتا بە پەلەپڕوزێ بەولا و بە لادا هەڵدەهاتن،



بەڵام دواتر لەگەڵم ئاشت بوونەوە. بۆئەوەی تێم بگەینن کەئەگەر هەروا کوڕێکی باشبم و لەو گۆشەیە دانیشم و لەبن قاچانم پانیان نکەمەوە، گلەییم لێ ناکەن، ئەمن تێگەیشتم دەیانەوێ چیم پێ بڵێن و لێگەڕام بەلاقم داهەڵگەڕێن و بێنە سەرتر و کارم پێیان نەبێ.

## بەشی سێهەم

یەکەم شتێك کەوەبیرم هاتەوە شتێك بووکەلەوانەیە دەساڵ لەوە پێش روویدابێت، بەیانی زوو بوو، من و باوکم خەریك بوو دەچووینە قەراغ رووبارەکە لەو حەوتوودا چەندجار، کەرەی بەیانی، بەتەمای حەمام کردن لەماڵێ دەهاتینەدەرێ و لەجیاتی ئەوەی کەبچینە حەمام دەهاتینە قەراغ رووبارەکە، باوکم حەزی دەکرد بەیانیان زوو، هێشتا خۆرهەڵنەهاتبێ لە ناو ڕووبارەکە مەڵە بکات.

ئەوکارە ئەوی شادکرد هەموو کاتێك کەپێکەوە دەچووینە قەراغ ئاوەکە ئەو شیعرە کەنازانم ئی خۆی بوو یان ئی یەکێکی دیکە بوو، بەدەنگێکی بەرز دەیوت:

((دەمەوێ بڕۆم تەرکی ترياك کـــــــــەم))
((لە قەراغ رووبار لەشم گەرم کـــــــــەم))

لەوانەیە باوکم سەردەمانێك ترياككێش بووبێ و ئەو شیعرەش ئی ئەوسەردەمانەبێ، بەڵام من قەت ئەو شتەم نەبینی ترياك بکێشێ، تەنیا



جگەرەی دەکێشا و ئارەقی دەخواردەوەو زۆرجار لەجیاتی رووبارچوون، دەچووە زۆرخانە(وەرزشێکی ئێرانییە).

بەڵام زۆربەی کاتەکانی دەچووە رووبار، لەوانەیە ئەسڵی شیعرەکە ئی زۆرخانە بووبێت و ئەویش چونکە دەچووە رووبار وشەی زۆرخانەکەی گۆڕیبێت، دایکم نەیدەزانی لەجیاتی حەمام دەچینە چۆمی. حەزی نەدەکرد ئێمە ـ یانی باوکم ـ لەناو رووبار مەلە بکەین دەیوت ئەوە ئیشی دەمڕووتەکانە، لەبیرمە جارێکیان مناقەشەیەکی توندیان لەگەڵ یەکتر کرد، دایکم رێك وشەی دەم ڕووتەکانی گوت، دەیەویست بڵێ بۆکەسێکی ناسراوی وەك باوکم کە سەردەمانێك باشترین بەرگدرووی شاربووە جوان نییە خۆی تێکەڵ بەڕەڵاکان بکات و بچێتە چۆم بۆمەلە کردن، ئەو قسانە بەقازانجی دایکم کۆتایی هات و باوکم بەڵێنیدا ئیتر نەچێ، دایکم دەشیگوت ئەومەلەکردنە بۆسەلامەتی و ساخڵەمی ئەو باش نییە، باوکم کورتەباڵا و کز ولاوازبوو، بەڵام وەك شێر لەناو سەهۆڵەکانی بەیانی دا مەلەی دەکرد و بەبای خەیاڵیشی دانەهات، دایکم قەت مەلەکردنی ئەوی نەبینیبوو، لەناو ئاوەکە دەهاتە دەرێ نەهەڵ دەلەرزی و نەپەلەی بۆ خۆ وشکردنەوە هەبوو وەك شێر ـ شێرێکی بێیاڵ و کز کەئێسکەکانی سنگی دەرپەڕیبێ و لەژێر پێستە سپییەکەی وەدیارکەوتبی ـــ دەینرکاند. دەستەکانی دەهێنا خوارێ و سەرێ میلی لێدەدا و بەدەوری خۆیدا دەسوڕاوە، وەك: لەوەرزشی زۆرخانەدایە و پاشان گەرم دادەهات. دایکم ئەوانەی نەدەدی دەیگوت: ((ئەگەر کڕیارێك بەو جۆرە ببینێت جوان نییە))

نەیدەزانی بەو کەرەی بەیانیان کەس لە دەرەوە نییە نەشی دەزانی کەباوکم لەو کڕیارانەی ئەو دەیگوت لەمێژە نەیماوە باوکم لەوانەیە لەلای ئەو باسی ئەوانەی نەکردبێ بەڵام من دەمزانی باوکم لەو کڕیارانەی ئەو باسی دەکرد بۆی نایەت.

من هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بیستومە باوکم باشترین بەرگدرووی شاربووە، بەڵام کەنگێ نازانم. لەوانەیە ئەوکاتەی کە دایکم مێردی پێکردووە ـ بۆیەش مێردی پێ کردووە چونکە باشترین بەرگدروو بووە. کڕیاری باشی بووە، نەك لەبەر خۆی مێردی پێکردبێ ـ چونکە باوکم هیچ شتێکی نەبوو دایکم حەزی لێبکات. رقی لەهەموو شتێکی ئەو دەبۆوە سەیر بوو لەگەڵ کەسێکی ئاوا زەماوەندی کردبێت، قەت لەهیچ کامیانم نەپرسی چۆن لەگەڵ یەکتر ئاشنا بوون. ((ئێستاش بۆ پرسیارکردن درەنگ بوو )) بەڵام پێم وایە دایکم لەگەڵ ئەندامێکی بنەماڵەکەیان ((چونکە نازانم ئایا قەت باوکم جل وبەرگی ژنانی دووریوە یان نا؟)) مشتەری باوکم بوون. دایکم خۆی بەکچی ماڵێکی بەناو بانگ لە قەڵەم دەدا.

بنەماڵەکەی لەو بنەماڵە پان و درێژانە بوون کەلە ماڵی کۆنی گەورەی خاوەن هۆڵی پێنج دەرکەیی و سێ دەرکەیی و هەزار تڕ و توڕەهاتی دیکەی هەیە، دادەژیان کە ئێستا وێران بووە لەناو میراتگرەکاندا دابەش بووە. ئەو کات هەموو پێکەوە دەژیان و گەڕەکێکیش بەناوی وانەوە بوو (تا ئەمڕۆکەش هەر بەناوی ئەوانەوەیە) ئەو کاتە کەسەیارە نەبوو، لە تەواوی گەڕەکدا تەنیا ئەوان چوارپێیان بووە بە چوارپێ هاتووچۆیان کردووە.



(ئەو قسەیەی کۆتایی لەزمانی دایکمەوە بیستوومە)

ئەوان هەردووکیان بەتەمن بوون کەپێکەوە زەماوندیان کردووە، باوکم پیرتر بوو، دایکم قەڵەو بوو، بەڵام بەردەوام نەخۆشبوو، چونکە لەداخی باوکم وەرهەمی هەڵێنابوو، پاش من ئیتر منداڵی نەبوو، دواتر لەپورمم بیست ئیترمنداڵی نەبوو، دیقی کرد و مرد، من قەت خاڵەکانم یان خوشکەکانی دایکم و بەگشتی خزمەکانی دایکمم نەبینیوە. (چونکە ئەوان ئێمە واتە من و باوکمیان بەمرۆڤ دانەدەنا و قەت کاریان پێمان نەبوو ) بەڵام ئەوشم بیستووە کەدەڵێن لەداخی باوکم دیقی کرد و مرد. بەهەرحاڵ هەمووان لەوەداکە دیقی کرد و مرد هاوڕان.

بەڵام دایکم لەخۆوە دیقی کردووەو مردووە، چونکە باوکم زۆری بۆ دەشکاندەوە و ئاگای لێ بوو: (لەکاتێکدا دایکم قەت ئاگای لەباوکم نەبوو) تەنیا باوکم شەوی وابوو لەگەڵ هاوڕێکانی دەچوونە قەراغ رووبارەکە سفرەیەکیان رادەخست لە ژێر تیشکی مانگ یان لەژێر تیشکی کزی گڵۆپەکانی شەقام دادەنیشتن و رایان دەبوارد. گۆرانییان دەگوت لەکۆتایی شەویشدا کە دەگەڕایەوە ماڵێ خۆی مەست دەکرد و هات و هاواری دەکرد. بەڵام مەست بوونی بێ هات و هاوار کەنگێ تامی هەیە؟ لەوانەیە بۆ تاقمێکیان تامی هەبێ؟ بەڵام بۆ باوکم تامی نەبوو. ئەو گەڕانە نیوە شەوەکانی بێ ئەوجۆرە کارانە ناکامڵ دەبینی. بەڵام رەبەنە تا دەگەیشتەوە نزیك ماڵێ بێ دەنگ دەبوو سەری لەسەر ئەرزەکە دادەنا لە شەکەتیان وەك گا تا بەیانی بۆی دەنووست.

ئەوجار نۆرەی هات و هاوەرەکانی دایکم بوو. هیچ هات و هاوارێك لە هات و هاواری ژنان ناخۆشتر و بێ تامتر نییە. دەیگوت ئەگەر دراوسێکان یان کڕیارەکانت ئاوات ببینن حەیامان دەچێ. رەبەنە هەر لە داخی ئەو مشتەرییە خەیاڵیانە دیقی کرد. ماوەیەك بوو باوکم کڕیاری زۆر کەم ببۆوە یان لانی کەم کڕیاری باش- کە کەوا و پانتۆڵ و ئیلەگیان بوێ- کەم ببۆوە ئیتر خەڵك کەمتر کەوا و پانتۆڵی لەبەر دەکرد. زۆرتر خوازیاری پانتۆڵ بەتەنیا بوون یان کۆنە کاری دێنن.

باوکم لەسەرەتا دا کۆنەکاری وەر نەدەگرت . بەڵام دواتر کەبازارەکەی تێك چوو بازاڕی نەما، بە ناچاری کۆنەشی وەردەگرت. قەت بەدایکمی نەدەگوت بازاڕەکەی وەك جاران نەماوە قەت هیچی پێی نەدەگوت هەر بۆیەش ئاگای لە هیچ نەبوو. قەت نەم بینی وەك دوومرۆڤ پێکەوە قسە بکەن. بەردەوام یان بێ دەنگ و بێ جووڵە هەر کامیان لە سووچێك کز دادەنیشتن وەك بڵێی پێکەوە قسە ناکەن یان بەردەوام دەمەقاڵەیان بوو، بەسەر یەکتردا دەیاننەڕاند.

بۆیەش بە هەردووکیانم گوت رەبەن. سەرەتا بە باوکمم گوت. چونکە ئەو بۆی دەشکاندەوە . بەڵام دایکم تەنیا دەیزانی بۆڵە بکا و هات و هاوار بکات و دەمەقاڵە بکات. باوکم دەیەویست هەموو شتێك دیزە بەدەرخۆنە و تەواوی کات. بۆ وێنە ئەو کاتەی لەسەر مەلەی بەیانیان لەچۆمی کێشەیان بوو، باوکم تەسلیم بوو، گوتی: باشە ئیتر ناچمە مەلە باشە؟ بەڵام دواتر بە بیانووی حەمام کردن بەیانیان زوو لەماڵەوە دەردەکەوتین و



دەچووینە قەراغ ئاوەکە من مەلەم نەدەکرد. لەپەنا جلەکانی باوکم رادەوەستام و سەیری ئەوم دەکرد. رەنگبێ باوکم هەر بۆ ئەوە منی لەگەڵ خۆی دەبرد ـ نەك لەبەر ئەوەی کە لەلای جلەکانی بم کە نەیدزن ـ نا چونکە بەو بەرەبەیانە کەس لە قەراغ ئاوەکە نەبوو. بۆیە منی دەبرد کەسەیری بکەم . بەڵام ئەوە من بووم کە لەگەڵ باوکم دەچووم نەك باوکم بمبات. ئەمن بووم کە دەمەویست سەیری بکەم . ئەگەر ئەویش حەزی کردبێ من پتر لەو حەزم کردووە.

هەر چەند زۆر ناخۆش بوو، بەو کەڕەی بەیانییە لە خەو هەستم، بەڵام هەڵدەستام و لەگەڵی دەچووم و ئەو کاتەی دەهاتێنەوە منیش سەرم تەڕدەکرد تاکو دایکم پێی وابێ چووینەتە حەمام.

## بەشی چوارەم

بەلاّم ئەوەی ئەوشەو، پاش نووسینەوەی ئەو خەونەی کەبینی بووم و وەبیرم هاتبۆوە ئەوشتانە نەبوو، بەیانییەکی پاییزم وەبیر کەوتبووە کە دوازدە یان سێزدە سالّم تەمەن بوو- دواین قۆناغی قوتابخانەی سەرەتایی بووم- و لەگەم باوکم بەتەمابووین بچینە قەراغ رووبارەکە بازماندابۆوە خوارێ و خەریك بووین بەرەو ئاوەکە دەڕۆیشتین بینیمان کەسێك لەلای ئاوەکەوە بەرەوڕوومان دێت جانتایەکی بەدەستەوەیە. لە دوور را دیاربوو گەنجێکی چوارشانەیە.

نزیکتر بووینەوە و باوکم بەیانی باشی پێوت و هەر ئەوکاتە، من ناسیمەوە ئاغای گولّچین، مامۆستای پۆلی چوارەمی سەرەتایی ئیمە بوو، باوکم نەیدەناسی تەنیا چونکە پیاوێکی وەرزشکار، دەهاتە بەرچاو و لە پرچە تەڕ و لێوە شین هەلّگەڕاوەکەوەیەوە دیاربوو کەمەلەی کردووە ئەویش خۆشی لێی هات و بەیانی باشی پیّ گوت منیش گوتم: (سلاّو ئاغای گولّچین).

گولّچین و باوکم بەسەرسوڕمانەوە سەیری منیان دەکرد.



باوکم پرسیاری لێکردم ((ئەو ئاغایە دەناسی؟)) گوتم: ((مامۆستای پۆلی چوارەمی ئێمە بووە)).

گولّچین زەردەخەنەیەکی کرد و سەری دانواند و پرسیاری کرد(ناوت چییە؟ ئاغا بچکۆل) ناو و شۆرەتەکەی خۆم پیّ گوت، سەرێکی راوەشاند و تۆقەی لەگەلّ کردم و گوتی: (خۆشحالّ بووم)، پاشان چاوێکی لەجانتاکەمان کرد و پرسیاری لە باوکم کرد بۆمەلە هاتوون؟

باوکم گوتی: بەلیّ. گولّچین گوتی: ئێرە شوێنێکی باشە بۆمەلەـ چونکە لە زۆربەی شوێنەکانی ئەم چۆمەدا مەلەم کردووە و ئەمڕۆ بۆیەکەم جارە هاتوومەتە ئێرە.

بەلاّم ئێرە یەکێك لەباشترین جێگاکانی ئەم رووبارەیە.

باوکم گوتی: من هەمووکاتێك دێمە ئێرە، لەبیرم نایا گولّچین لەوەلاّمدا چی گوت. رنگبیّ گوتبێتی من هەرجارە شوێنێك تاقی دەکەمەوە، چونکە لەم رۆژە بەدواوە ئیتر ئەوەمان لەو بەقسەی خۆی- یەکێك لەباشترین شوێنەکانی رووبار- نەبینییەوە.

کاتێك رۆیشت تۆقەی لەگەلّ باوکم کرد و باوکم پێی گوت: (سەرکەوتووبی پالّەوان) پاشان لەمنی پرسی: (بەڕاستی ئەو نێرەکەرە مامۆستاتان بوو؟)

گوتم: (بەلیّ ) گوتی: (لێی نەدەهاتەوە)

بەڕاستی لێی نەدەهاتەوە. لێی دەهاتەوە وەرزشکار یان پالّەوان بیّ، ئەوکات کەقوتابی بووم پشووەکان وەك مامۆستاکانی دیکە نەدەچووە

شوێنی حەسانەوە و چای بخواتەوە، لە نێو کلاسدا دەماوەوە ماسوولکەکانی باسکی پیشان ئەو منداڵانەی کە لە دەوری کۆدەبوونەوە دەدا. یان لەسەر کلاس، تاریفی لەپاڵەوانەتیەکانی خۆی دەکرد. یەکێك لەو چیرۆکانەی کە گێڕایەوە ئەوەبوو، دەیگوت: ئەوکاتەی پردەئاسنەکەیان تازە دروست کردبوو هێشتا ئاوی رووبارەکە لە کاناڵێکی بارێك لەژێرپردەکەوە تێپەڕ دەبوو، هێشتا ستوونەکانی پردەکە تەواو نەکرا بوو، لەگەڵ برادەرەکانی مەرج دادەنێ کە لە سەرەوەی پردەکە بازداتە ناو کاناڵەکەوە. کاناڵەکە کەم هەشت مەترێك قووڵ بوو و ئاوەکەش کە هەر ئاوی رووبارەکە بوو بە گوشارەوە لێی تێپەڕ دەبوو و کاناڵەکەش هێندە بارێك بوو، بەرزایی پردەکەش هێندە زۆر بوو. ئەو مەترسییە لەگۆڕێ دابوو کە ئەوکەسەی لەسەرەوە بازدەداتە ناو کاناڵەکە خۆ بەدیوارە بێتۆنییەکانی کاناڵەکە دابدا و مێشکی بپژێتە ناو گەروویەوە. بەڵام مامۆستاکەی ئێمە لەوسەرەوە بازی دابوو، نەخۆی لەجێگایەك دابوو، نە لەناو ئاوەکەشدا خنکابوو. چونکە مامۆستاکەی ئێمە پاڵەوانێکی گەورە بوو کە لەتەواوی شاردا هاوتای نەبوو. هەروەها دەیگێڕاوە کە چۆن چەند جار گیانی چەند کەسی لەمەترسی خنکان لەنێو رووبارەکەدا رزگار کردووە، هەروەها چۆن چەندجار لەناو گێژاوەکانی نێو رووبارەکەدا گیری کردووە و پاشان چۆن لەگەڵ هاوڕێکانی مەرجی کردووەکە لە نێو گێژاوێکی دوو دەرکەییەوە بچێتە ژووریّ و لەدەرکەیەکی دیکەوە بێتە دەرێ. ئەو کارانەی کردبوو، تەنیا ئەوبوو کەلە عۆدەی هەموو ئەوکارانە سەربەرز دەهاتە دەرێ.



ئەو رۆژە، لەو دەمەوەی کەلە قەراغ ئاوەکەوە بینیمان و گەڕامەوە ماڵێ و نانی بەیانیمان خوارد و پاشان چوومە قوتابخانە و تەنانەت لەسەر کلاسیش هەر بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر ئەم جار بمبینێ چیم پێی دەڵێ . لە دڵ خۆمدا دەمگوت لەوانەیە لێم بپرسێ تۆش لەگەڵ باوکت مەلەت کرد یان نا.

ئەگەر ئەو پرسیارەی کردبایە، دەمگوت: بەدڵنیاییەوە مەلەم کردووە.

دیارە دەبێ پرچم ویشك بووێتەوە. قژی ئەویش هەروەها. تەنیا شاهیدی مەلەکردنم ئەوە بوو کە ئەومنی لەگەڵ باوکم بینی بوو کە دەچووین بۆ مەلە.

رێستی یەکەم بە پەلە خۆم گەیاندە پۆلی چوارەم و چاوەڕیی مامەوە بزانم دێتە دەرێ یان نا. زۆربەی منداڵەکان لە دەرکەی کلاس هاتنە دەرێ و ئەویش لەگەڵ پۆلێك منداڵ کە ئاپۆرەیان دابوو، هاتە دەرێ. چوومە پێشێ و بەدەنگێکی بەرز، وەها بەرز کە لەناو ئەوقێژە و هەرایەی منداڵاندا گوێی لێ بێ، گوتم: سڵاو.

هێندە بەرزە گوتبووم کە گوی لێ بوو. ئاوڕی داوە و باش چاوی لێکردم و سەرێکی لە قاند و بەزەردە خەنەیەکی بێ ماناوە، هەروەك زەردەخەنەکەی بەیانی بووـ سەیرێکی کردم. نەبەیانی منی ناسیبۆوە و نە ئێستاش.

## بەشی پێنجەم

سبەینێ شەو، پاش ئەوی کە کوڕەکان خەویان لێکەوت. دیسان دەستم دا قەڵەم و کاغەز و چوومە مەتبەخەکە. دەبوایە گلۆپەکە هەڵبەکەم و تیشکی گلۆپەکەش لەشووشەی سەرەوەی دەرکەکە دەچووە ژووری و ژوورەکەی رووناك دەکردو لەوانە بوو کوڕەکان و خەبەر بێن ومنش زۆرلەوە دەترسام کە لەکاتی نووسیندا ببین، چونکە تا ئەو کاتە منیان بەو چەشنە نەبێنی بوو، لەوانەبوو گاڵتەم پێ بکەن . هەر چەند هیچ جێگای گاڵتە پێ نەکردنیش نەبوو. ئەمن قەت ئەوکاتانەی خەشایار شتێکی دەنووسێ گاڵتەم پێی نەکردووە، هەموو کاتێك هەوڵم داوە دەنگە دەنگ نەکەم و بێدەنگی بپارێزم . بەڵام حەمید بە پێچەوانەوە ، هەرکاتێك لە ماڵێ بوایە و خەشایاری لەکاتی نووسین، لەکاتی خوێندنەوەی شیعردا ببێنی بوایە، گاڵتەی پێدەکرد و دەنگە دەنگی وەرێ دەخست و نەیدەهێشت کار بکات . زۆرجاریش دادەنیشت و قسەی لەگەڵ دەکرد. قسەکانیان زۆر پێ کەنینی بوو. بەڵام من پێم ناخۆش نەبوو گوێیان بدەمێ.



حەمید سەرەڕای هەموو کەرێتیەکانی زۆرجارقسەی باشی دەکرد، بەڵام زۆربەی کاتەکان کایەی پێدەکرد و قسەی وای دەکرد کە ئەو وەزاڵە دەهات. یان ئیرادی لێدەگرت ، کە بۆچی لێرەی شیعرەکەتدا نووسیوتە ـ کەڵەباب و نەتنووسیووە مراوی ـ ئەگەر بتنووسیبایە مراوی، تەوفیری چ بوو؟ یان بۆ وێنە بۆ نووسیوتە دەخرۆشێ و نەت نووسیووە دەکوڵێ . خەشایار لە وەڵامدا دەیگوت چونکە حەزم لێ بوو، چونکە دەخرۆشێ و ناکوڵێ، چونکە کەڵەبابە و مراوی نییە.

حەمید کەلەڕەقیی دەکرد و دیگوت نەخێر. من دڵنیام کە دەکوڵێ و دڵنیام کەمراوییە. خەشایار دەیگوت: تۆ چکارەی کە دڵنیابی یان نەبی

حەمید دەیگوت: ((بە تۆ چی کەمن چ کارەم؟ تۆ بەخۆت چ کارەی؟)).

خەشایار سینگی دەهێنا پێشی و دەیگوت: ((من شاعیرم))

((کێ دەڵێ تۆ شاعیری؟ ))

((بەخۆم ))

((کەوایە منیش شاعیرم)).

((کوا شیعرەکانت؟))

((من شیعر نانووسم)).

((شاعیرێك کە شیعر نەنووسی شاعیر نییە)).

((کەسێکیش کە شاعیر نەبێ و شیعریش بنووسێ هەروایە)).

((کێ دەڵێ من شاعیر نیم)).

((من دەڵێم)).

((تۆ کێی؟))

((من ئەو شاعیرەم کە شیعر نانووسم)).

((هەر باشترە کەنایـنووسی)).

((تۆش واباشە دانی پێدابنێی ئەو شتانەی کەدەینووسی میعرە شیعر نییە)).

((من دڵنیام ئەوانە شیعرن)).

((منیش دڵنیام کەسێك کە لە جیاتی مراوی بنووسێ کەڵەباب و لە جیاتی دەکوڵێ بنووسێ دەخرۆشێ میعر دەنووسێ، نەك شیعر )).

بە خۆشییەوە حەمید زۆر کەم لە ماڵەوە دەبوو ، چونکە زۆربەی کاتەکانی بەدوای ژنی داهاتووی دا وێڵ بوو لە کۆتایی رۆژدا تەنیا بۆ خەوتن دەهاتەوە ماڵێ. من زۆربەی کات لەماڵێ بووم منیش تاقەتی ئەو قسە و باسانەم نەبوو. زۆرجار خەشایار شیعرەکانی خۆی بۆ دەخوێندمەوە. دیارە من هیچ لە شیعرەکانی تێنەدەگەیشتم. تەنیا جاری وابوو خۆشم لەشیعرێکی دەهات ولەشیعرێکی دیکەی نا. بەڵام نەم دەزانی بۆچی حەز لەوەیان دەکەم ئەوەی دیکەم خۆش ناوێ. ئەو شی کردنەوانەی کە خەشایاریش دەیکرد شتێکی وای روون نەدەکردەوە. بەڵام وەرووی خۆم نەدەهێنا. چونکە لە لایەك لەوەیکە ئەو متمانەی بەخۆی هەیە کە شاعیرە و ئەو شتانەشی پێی شیعر بوو پتر خۆشحاڵ دەبووم تا لە شیعرەکانی.

تا ئەو دەم قەتی شیعر بڵاونەکردبۆوە. هەرچەند زۆری شیعرە هۆنیبۆوە. بەڵام بە تەمای بوو بەر لە هەموو شیعرەکانی دیکە



مەنزوومەکەی بڵاوکاتەوە کە هێشتا تەواوی نەکردبوو و لەسەر کاری دەکرد. بەو جۆرەی کە دەیگوت ئەو کارە کارێکی بەرزەفڕانە بوو، لەوانەیە ساڵگارێکی زۆر بخایەنێ وتەواوی چارەنووسی ئەو بە خۆیەوە گرێ بدات.

ئەگەر بتوانێ ئەو جۆرەی کەحەزی لێیەتی تەواوی بکات لە ئەنجامدا دەبووە پیاوێکی گەورە . دەنا شاعیرێك دەبوو وەکو هەموو شاعیرەکانی دیکە. ئەو بەتەما بوو تەواوی مێژووی ئێران و تەنانەت جوغرافیای ئێران، تەواوی شاخ و کێو و رووبار و جادەکان و بیابانەکانی ئێران، لەو مەنزوومە گەورەیەی خۆیدا بگونجێنێ .

بابەتی مەنزوومەکە بەو جۆرەی کەبەخۆی دەیگێڕاوە گەڕان بە دوای شتێك دا بووکە لە کۆنەوە لە ناو ئەو گڵە و لە ناو ئەو هەوایە کە ئێمە هەڵماندەمژی و لەدرێژایی مێژوودا و لەنێوان ئەو هەموو بەڵایەی کە بەسەر ئێراندا هاتووە خۆی قووتار کردووە و دەربازبووە و خۆی گەیاندۆتە ئێمە تاکو ئێمەش بیدەینە وەچەی دوای خۆمان و ئەوەی کە ئەو شتە چییە، بەخۆشی نەیدەزانی . بەخۆی دەیگوت کەدەزانێ چییە ، بەڵام ناتوانێ لە چەند وشە و چەند رستە و تەنانەت لەیەك دوو شیعریشدا بڵێ چییە. بۆیەش لەو مەنزوومە گەورەیەدا بەتەمابوو روونی بکاتەوە.

تەواوی مەنزوومەکە لەسەر ئەوەبوو. دەیگوت ئەگەر دەتەوێ بزانی ئەو شتە چییە، دەبێ تەواو ئەو مەنزوومەیە بخوێنییەوە.

## بەشی شەشەم

باوكم لەناو ئاودا نەخنكا- لەپشت مێزی بەرگدرووەكە لەناو دوكانەكەی خۆیدا و لە كاتێكدا كە خەریكی بوو، مرد. ساڵ و نێویك بووكە دایكم دیقی كردبوو ئەو بەتەنیا دەژیا . بەڵام پوورم جارجارە سەری لێ دەدا و پێی رادەگەیشت. پوورم دەیگوت ماوەیەك بوو كە دەبوایە نەچووبایەتە سەركار. چونكە هێندە نەخۆش و كز ببوو كە بەزەحمەت بەرێگادا دەڕۆیشت . هەرچەند پوورم پێداگری كردبوو كە نەچێتە سەركار(تاكو باشتر دەبێ) بچێتەماڵی ئەوان (ماڵی پوورم) و لەوێ بمێنێتەوە. بەڵام بەگوێی نەكردوون. پوورم نەیدەتوانی ماڵی و منداڵی بەجێ بهێڵێ و بچێتە لای باوكم و پەرەستاری لەو بكات. (هەر چەندە ئەوكاتەی باوكم مرد، پوورم بەداخەوە بوو بۆ ئەو كارەی نەكردووە). باوكم پیاوێكی لاسار بوو. پوورم وایدەگوت و دەیگوت هەربەو لاسارییەش دیقی بەدایكم كردووە. تادواسات نە چۆتە ماڵی پوورم و نەوازی لە كاركردن هێناوە. بە پوورمی گوتبووە ئەگەر نەچمە سەركار منیش وەك خێزانم دیق دەكەم. باوكیشم دانی بەوە دادەنا كە دایكم دیقی كردووە. بەڵام دانی بەوە دانەدەنا



كە ئەو دیقی پێكردووە. دەیگوت بەخۆی (یانی دایكم) دیقی بەخۆی كردووە.

باوكم لە كاتێكدا كە سەرو دەستەكانی لەسەر مێزی بەرگدرووەكەی بووە و مقەستی بەرگدرووەكەی بە دەستییەوە بووە، قاچی لەسەر ئەرزی بووە، مردبوو. جەستەی هێندی لاواز ببوو كەنەیتوانی بوو ئەو بەرەو زەوی راكێشێ. تایەك دووسەعات كەس نەیزانی بووكە ئەو مردووە. چونكە نەقەت كڕیارێكی هەبوو و نەكەس سەردانی دەكرد. كاتی نانی نێوەڕۆ كەدوكاندارەكان دەركەی دوكانەكانیان قەپات دەكەن و خواردن بۆ نەهار، دەركەی دوكانی ئەو هەروا ئاواڵە بووە، كاتێ دەگەڕێنەوە دیسان دەبینن دەركەی دوكانەكەی ئەو هەروا ئاواڵەیە. باوكم قەت لەدوكان نانی نەدەخوارد. چونكە نەكەسێكی لێ بوو چێشتی بۆ لێ بنێ و نەبەخۆشی شارەزای چێشت لێنان بوو. یەكێك لە دوكاندارە كان نێگەرانی دەبێ و دەچێتە ژوورێ بزانێ چ باسە دەبینێ ئەو هەروابە پێوە و لە سەرمێزی بەرگدرووەیەكەی گیانی دەرچووە.

من ئەوكات لە كتێب فرۆشییەك كارم دەكرد، سێ چوارمانگ بوو ئەو كارەم دۆزیبووە لە ئێسفەهانەوە بەتەلەفوون حەمیدیان ئاگادار كردبووە. چونكە لە ماڵێ تەلەفوونمان نەبوو، كەسیش نەیدەزانی لەكوێ كاردەكەم (چونكە یان كاربوو یان هەر ماوەیەك لەشوێنێك بووم) ئەگەرلە ئیسفەهانەوە كارێكی گرینگیان بەمن بوایایە تەلەفوونیان بۆ دایرەكەی حەمید دەكرد. حەمیدیش لەگەڵ من بۆ ئیسفەهان گەڕاوە. چونكە

حەمیدیش باوکمی دەناسی (ئەو کات کە منداڵ بووین پێکەوە دراوسێ بووین و هەموو جارێ کە دەچۆوە ئیسفەهان سەردانی باوکمی دەکرد) تاکو ئێمە گەیشتینەوە ئیسفەهان مێردی پوورم و کوڕی پوورم هەمووکارەکانی کفن و دەفنیان تەواو کردبوو، من تەنیا دەبوایە بچمە پرسەکەی خۆم خەمین بنوونێم و لەبەر دەرگا راوەستم و سڵاوعەلەیك لەگەڵ ئەو کەسانە بکەم کە دەهاتن بۆ سەرخۆشییەکە ولەگەڵ تاقمێکیان تۆقەبکەم و لەوەی کە خۆیان ماندوو کردووە و تەشریفیان هێناوە سپاسیان بکەم . ئەوەش بەخۆی کارێکی چەتوون بوو و ئەگەر کابرا لەمەرگی باوکیشی نارەحەت نەبووبێ ئەو کارانەی بکردبایانە نارەحەت دەبوو و پێی وا بوو هەر بەڕاستی شتێکی ناخۆش هاتۆتە پێشێ. باوکم قەت لەگەڵ رێ و ڕەسمی ئاوا نەبوو و دەیان جار گوتبووی ئەگەر مردم، پرسەم بۆ دامەنێن و ئەو ئەدا و ئەتوارانەش لەخۆتان دەرمەهێنن. بە خۆی دەیگوت لەتەواوی ژیاندا لە هیچ پرسەیەکدا بەشداریی نەکردووە وبەڕاستیش ئەوەندی من لە بیرمە لەهێچ پرسەیەکدا بەشداریی نەکرد. بۆ دایکیشمی پرسەدانەنا بنەماڵەی دایکم پرسەیەکی گەورەیان لەقوتابخانەی چوارباخ بۆگرت کە باوکم لەویش بەشداریی نەکرد. لەلایەن ئێمەوە تەنیا من و پوورم و مێردی پوورم چووین. حەمید پاش رێ و ڕەسمی پرسەکە گەڕاوە تاران. بەڵام من بەپێداگری پوورم تا حەوتەی باوکم لەوێ مامەوە. لەوماوەیەدا، پوورم و مێردەکەی لەسەرمێشکم کاریان دەکرد و ئامۆژگاریان دەکردم کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لەوسەرگەردانییە رزگارم بێت. من پێم وتن من ئێستا



ماوەیەکە لەتاران کارم دۆزیوەتەوەو سەرگەردان نیم. بەڵام ئەوان مەبەستیان ئەوە بوو بگەرێمەوە ئەوێ و لەدوکانی باوکم- کە ئێستا من خاوەنی بووم- لەناویەکێك لە قەرەباڵغترین شوێنی شاردابوو- کاربکەم.

ئەودوکانە تەنیا شتێك بووکە باوکم هەی بوو. ئەوماڵەی کە لەگەڵ دایکم لەویەك ساڵ و نیوەی تەمەنی تێدا ژیانی کردبوو و بەکرێی گرتبوو هەر لەحەوتووی یەکەمدا کە لە ئیسفەهان بووم، کەل و پەلەکەم بردەماڵی پوورم. (پوورم دەیگوت بەشێوەیەکی کاتی تا چارەنووسی تۆ روون دەبێتەوە بالێرەبن) بەڵام شت ومەکەکان ئەو قسەیەیان هەڵنەدەگرت و چارەنووسی منیش نازانم کوێی روون نەبوو. ماڵەکەشمان داوە بەخاوەن ماڵەکە (کە ئەویش ماوەیەکی زۆر بوو هەوڵی دابوو باوکم دەربکات و ئێستا نەیدەتوانی خۆشحاڵی خۆی لەمەرگی ئەو بشارێتەوە).

راستە کرێی ئەو ماڵە لە چاو بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر کە باوکم بەکرێی گرتبوو چەند بەرابەر ببۆوە ئیتر شوێنێکی وابۆ خەیاتێکی بێ موشتەری وەك باوکم وەگیر نەدەکەوت باوکیشم ساڵ و نیوێك پاش مەرگی دایکم دەیتوانی بچێتە ماڵی پوورم یان تەنانەت لە دوکانەکەی دابێ. بەڵام ئەو خوی بەوماڵەوە گرتبوو چونکە لەرووبارەکە نزیك ببووە. تا ئەو ئاخیریانەش کە ئیتر نەیدەتوانی بچێتە ناو ئاوەوە هەربە هەوای ئەوە کە ئەو ماڵە لە چۆمی نزیکە دڵی بەو ماڵە خۆش بوو.

ئەو چەند رۆژە کە لە ماڵی پوورم بووم لەگەڵ کوڕە پلکم، کە لەو کاتەی هاتوومەتە تاران (پێنج ساڵ) کەمتر دەم بینی و کچی پوورم کە هەر

له منداڵییەوە خۆشم دەویست و لەوەتا گەورە بووە بە دەعێی بووە. هەرچەند کە تەنانەت پێش ئەوەیکە بێمە تاران، بەدەعێی ببوو هەر لەولا بۆئەم لا دەچووین. کچە پوورم ئەمجار هیچ دەعێی بۆ دەرنەدەهینام و لەوەی کە لەگەڵ حەمید نەگەڕاومەتەوە تاران و بە قسەی پوورم و مێردی پوورم دەکەم خۆشحاڵ بوو بەپیچەوانەی رابردوو ئەدا و ئەتواری وەڵانا بوو و زۆر بەگەرمی قسەی لەگەڵ دەکردم و بەتەواوی ببوو بە کچێکی دیکە لەگەڵ ئەو هاوتەمەن بووم (براکەی لە ئێمە گەورەتر بوو) ئێمە هەر لە منداڵیەوە پێکەوە یاریمان دەکرد. بەڵام کچان زووتر لە کوڕان گەورە دەبن هەر ئەوەندی هەستی کرد کە گەورە بووە خۆی لەمن بەزلتر دادەنا. لەوەتا هەستم بەوە کرد کە خۆی بەزلتردەزانێ کەمتر دەمبینی ئەگەر دەشم بینی لەدوورەوە دوراودوور بوو. بەڵام زۆرترم خۆش دەویست و پتر بیرم لێدەکردەوە لەوەتا هاتبوومە تارانیش هەر لەیادم دابوو چەند جار نامەم بۆنارد بەڵام بێ وەڵام مامەوە.

ئیستا کە دەم بینی گۆڕاوە لە گەڵم قسەدەکات و خۆبەزل زانی وەلاوە ناوە (چونکە لە ماڵێدا و لەبەرامبەر غەریبەکانییدا هەروا بەدەعێ بوو)، تەواو دڵم دۆڕاندبوو و کاتێك گەڕامەوە تاران بەڵێنم لێ وەرگرت کەبێ نامەم نەکات.

## بەشی حەوتەم

بەیانی ئەو رۆژەی پاش حەوتوویەك بزربوون چوومەوە کتێبفرۆشییەکە ، درەنگ گەیشتمێ . بەرپرسی کتێبفرۆشییەکە و فرۆشیارەکان هەموو لەوێ بوون و کەسێکی دیکەش کەتا ئەو کات نەمبینی بوو لە پشتەوەی مێزەکە راوەستا بوو ئەوەیانم کە بینی، چۆکم شکا و بەگومانەوە لێ چوومە پێشێ و سلاوم کرد. کەس روویەکی وای نەدامێ و بە لەقەلەق وەلامی سەلامەکەیان داوە. زوو زانیم چ باسە. بەرلەوەی بەرپرسی کتێبفرۆشییەکە بە بەشی مالی بلێ : ((پارەی ئەو بەرێزە بدەن)) تێگەیشتبووم دەریانکردبووم. ئەو پارەیەشیان کە دەدامێ بەشێك لە معاشەکە بوو لەبەرامبەر ئەو ماوەیەدا کەکارم کردبوو بەرلەوەی بگەرێمەوە ئیسفەهان پێم قەرزداربوون. رەئیس هاتە قسە و گوتی:

((دەی ئاخری برِیارتدا واز لەو کارە بهێنی؟))

گوتم: (( کێ وای گوتووە؟))

((بەخۆت گوتت ، مەگەر لە مووچە نارازی نەبووی؟))

((با، بەلام نەمدەویست واز لەم کارە بێنم.))



((ئەی بوا بەجێت هێشتین؟))

((گوتم: دووسێ رۆژ دەرِۆم و دەگەرِێمەوە.))

((دووسێ رۆژ نا دەرِۆژ، تۆ دەرِۆژ دیار نەبووی.))

((من خۆ گوتم کارم هەیە.))

((گوتبووت بەلام گوتت دوو سێ رۆژ ئیمەش کەبینیمان پتر لە دوو سێ رۆژی خایاند دلنیا بووین کە ناگەرِێیەوە، بەو بەرِێزەمان گوت بەدەست ئاماژەی بە کابرا کرد، کە لە جیاتی تۆ بێت و کارمان بۆ بکات. باشە پێم بلێ بابزانم ئەوکارە چیبوو کە هەندەی خایاند؟ ئیشێکی نوێت دۆزیوەتەوە؟ ))

((باوکم مردبوو بۆیە چووبوومەوە ئیسفەهان.))

کابرا مات بوو. چاوێکی پێدا خشاندم. وەك بلێ دەیەویست بزانێ لێم دێ باوکم مردبێ یان نا. فرۆشیارەکانیش گەرِانەوە چاویان لێکردم.

رەئیس گوتی: ((بۆئەو کاتەی کە رۆیشتی نەتگوت باوکم مردووە؟))

((پێم وابوو پێویست ناکات.))

رەئیس گوتی: ((زۆریش پێویست بوو.))

لە جێگەکەی رابوو و ئاماژەی پێکردم لەگەلی برۆمە پشتەوەی دوکانەکە کە چایی لەوێ لێدەنێن. رەئیس کابرایەکی قەمبووربوو کاتێك کە هەلدەستا سەرپێ کوورتر دەبوو لە چاو و ئەوکاتەی کەدانیشتبوو. بەلام زیرەك بوو بە پەلە پیالەیەکی چای بۆ تێکردم لەسەر دیواری کتێبە لەسەر یەك هەلچنراوەکانی دانا. بەخۆی لە دیوارەکە بچووکتر بوو و لەو پشتەوە

له فرۆشیارەکان نەدیوبوو. بەڵام چاوێکی بۆ لای ئەوان گێڕا و هێواش ـ وەك بیەوێ کەس گوێی لێنەبێ پرسیاری کرد (بەڕاستی باوکت مردووە؟)

گوتم : بەڵێ.

دیسان گوتی بۆ پێت نەگوتم لەسەر ئەوە نایەوە؟ ئەگەر پێم بگوتبایە پێم وانییە هەرچەندێکیش درەنگم کردبایە کەسێکی لەجیات من هێنابایە . بەڵام ئیستا ئەو کوڕەی هێناوە ناکرێ دەری کات. مەگەر ئەوەی کەباش کارنەکات، یان هەڵە بکات ئەو بتوانێ گوێچکەی بگرێت و ئەگەر ئەوە هاتە پێش بەدڵنیاییەوە دەری دەکات بە منیش دەڵێ تاکوو بێمەوە سەر کارەکەی خۆم. تا ئەو ئەوانەی بۆمن شیکردەوە پاشان له هۆکاری مەرگی باوکمی پرسیارکرد. من چایەکەم خواردەوە و ماڵئاواییم لە هەموویان و یەك لەوان فرۆشیارە نوێیەکەکرد، پارەکەم وەرگرت و هاتمە دەرێ.

دیارە حەق بەو رەئیسە دەدەم. دەبوایە بەرلەوەی بڕۆم پێم گوتبایە باوکم مردووە. من تەنیا وتم یەك دووڕۆژ کارم هەیە ناتوانم بێمەوە سەرکار و پاشان کەدرێژەی خایەند تەواو حەقیەتی بچێ و کابرایەکی دیکە بێنێ و لەمن بێ هیوابێت. هەروەها ماوەیەك بوو داوای مووچەی زیاترم دەکرد.

زۆربەی ئەو ماوەیەی کەلەوێ بووم کتێبی دەرسیمان دەفرۆشت کارمان زۆر بوو. کۆڵێك کڕیار نەیان دەهێشت بە حەزی خۆمان پشوویەك بدەین هەر کڕیارێك دەیەویست زووتر بەڕێی کەن کەس بیری لەو فرۆشیارە قووربەسەرە نەدەکردەوە بە مووچەیەکی زۆرکەمەوە ناچارە لە کەڕەی



بەیانییەوە تا نیوەی شەو راوەستێ و جاری وابوو نیوەی شەویش (کتێبی تازەیان لە مەخزەنەوە دێنا کەلەسەر یەك هەڵیچنین بۆفرۆشتنی سبەینێ) فرۆشیاری هەژاریش دەبوایە وەك کەر کاربکات و کتێبە جۆراوجۆرەکان کە کڕیارێك دەیەویست بدۆزیتەوە و بەپەلە بیان پیچیتەوە و نرخەکەیان لێك بداتەوە و کۆیان بکاتەوە ئەگەری هەڵە کردن زۆر بوو رەئیسە قەمبوورەکەش لەناو ئەو هەموو قەرەباڵغیە دا چاوی لێدەکردی و سەیری کۆکردنەوەکانتی دەکرد وای بەحاڵت ئەگەر هەڵەت کردبایە گاڵتەی پێدەکردی و تازە متمانەی بە کۆکردنەوەکەت نەدەکرد و بە خۆی لە جیاتی تۆ نرخەکانی کۆدەکردەوە و دەهاتە سەر رێگات و نەیدەهێشت بە دڵی خۆت هەڵسوڕێی . بەدڵنیاییەوە ئەو فرۆشیارە نوێیەش ئەو دەردەی بەسەر دێت . ئەگەر بەتەمابێت هەڵەی لێبگرێت بەسانایی دەیتوانی بەتایبەت لە تازەکارێك هەر زۆر ئاسانە . سەرەڕای ئەوەیکە پێشتر زۆر قەرەباڵغ بوو و ئیستا وانەماوە. وەرزی کتێبە دەرسییەکان کۆتایی پێ هاتووە و فرۆشیارەکان حەساونەتەوە ئەگەری هەڵە کەمتر بووەتەوە.

کتێب فرۆشییەکە خۆش بووەـ چونکە من لەوێ نەماوم. تاوانەکە لەسەر ئەستۆی خۆمە بۆ نەمگوتووە باوکم مردووە. باوکی پیاو بمرێ و باسی نەکات؟ کاتێك گوتم باوکم مردووە رەئیس چۆن دەم و چاوی گۆڕا، وەك ئەوەی کەڕوداوێکی گرنگ رووی دابێت. کەسێك کە باوکی دەمرێ بۆ خەڵك گرنگ دەبێ و پتر بایەخی پێ دەدرێت. تاکو باوکم نەمردبوو تەنانەت کچە پوورەکەشم بەچاوی مرۆڤ سەیری نەدەکردم.

## بەشی هەشتەم

سێ حەوتە پاش گەڕانەوەم بۆتاران، یەکەم نامەی کچەپوورم گەیشتە دەستم، نووسیبوی خۆشم دەوێی. لەمنداڵییەوە خۆشی ویستووم و لەو کاتەوەی هاتوومەتە تاران بەردەوام بیری لەمن کردۆتەوە، بەڵام دەرفەتێکی نەهاتۆتە پێش لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات و کاتێك بۆمەرگی باوکم چوومەتەوە ئیسفەهان زۆری حەزکردووە قسەم لەگەڵ بکات. بۆهەر شوێنێك کە دەچووین براکەشی لەگەڵمان بووە درفەتی ئەو قسانە نەرەخساوە و پاشانیش نەیزانیوە من چ هەستێکم سەبارەت بە ئەو هەیە و لەوانەیە هەر بیر لەو نەکەمەوە. ئیستاش ئەوە خۆی پێدا داوە و ئەوقسەیەی کە گوتنی زۆر ئەستەم بووەی نووسیوە و تکاش دەکات ئەگەر خۆشم ناوێ لەلای دایك و باوکی باس لەو قسە و نامەیە نەکەم و ئەگەر خۆشیشم دەوێ، هەرچی زووترە پێ بڵێم تاکوو تەکلیفی خۆی روون بکاتەوە. لەڕاستی و سادەیی ئەو نامەیە زۆر دڵخۆش بووم و بڕیارمدا وەڵامەکەی بۆ بنێرم بەلاّم شتێکی وا بۆچلەی باوکم نەمابوو و ئەگەر بمویستبایا بچمەوە ئیسفەهان بەخۆم بەر لەنامەکەم دەگەیشتمە ئەوێ و



پاشانیش نەمدەزانی نامەنووسین بۆکچە پوورم پاش چەند ساڵ تێپەڕین و بێ جواب مانەوەی نامەکانی من لە روانگەی پوورم و مێردی پوورمەوە چۆن لێك دەدرایەوە.

لە دواساتدا دو دڵ بووم بچمەوە بۆ ئیسفەهان یان نا. باوکم لەگەڵ رێ و رەسمی پرسەی مردوو کۆك نەبوو چ بگات بە رێ و رەسمی حەوتە و چلە.

منش حەزم نەدەکرد بە پێچەوانەی ویستی ئەو بجوولێمەوە- بەتایبەتی کە ئێستا نەمابوو. بەڵام بەتەمای دیتنی کچە پوورم و هەروەها چونکە بێ کاریش بووم، وەرێ کەوتم. دیارەکە بە رۆژ لەماڵی پوورم دەمامەوە وشەوانەش لەوێ دەنووستم. لە هەلێکی لەباردا بە کچە پوورەکەم گوت کەنامەکەیم خوێندۆتەوە و منیش خۆشم دەوێ. کارەکان زۆر زووتر لەوەی کە بێرم لێ بکەمەوە جێ بە جێ بوو. کچە پوورەکەم پێی راگەیاندم کە داواکاری هەیە و دایك و باوکیشی رازین و ئەگەر دەمەوێ شتێك بکەم بی کەم. سەرەڕای ئەوەی کە دیسان ئەو کارەی کە دەبوایە بم کردبایە کردم. لەسەفەرەکەی دیکەمداکە دەدوازدە رۆژ دواتر بوو و گەڕامەوە ئیسفەهان. بەشێوەیەکی فەرمی خوازبێنیم لەپوورم و مێردی پووورم کرد . ئەوان سەرەتا بە دوو دڵی (چونکە بێ کار و بێ پارە بووم) و پاشان بەو مەرجەکە بگەڕێمەوە ئیسفەهان و دوکانی باوکم وەگەڕ بخەمەوە و کار بکەم بە زماوەوندکەی ئێمە رازی بوون. شەوی جێژن (چونکە تازە حەفتا رۆژ لە مەرگی باوکم تێپەر ببوو) زەماوەندێکی بێ قرە و بێ دەنگمان کرد و رۆژی یەکەمی جێژن بۆ مانگی هەنگوین هاتینە تاران. حەمید هەموو

سەرەسالێك دەگەرێتەوە ئیسفەهان و خەشارياريش بۆ موراعات كردنی ئێمەش بێ هەولّی دابوو حەوتەی يەكەمی ساڵ لەگەڵ دايك و باوكی بێ. بەو كارەی هەم بنەماڵەكەی و هەم ئێمە خۆشحاڵ دەبووين كە دەمانەويست لە يەكەم رۆژەكانی ژيانی هاوبەشمان تامی تەنيايی بچێژين.

سەرەتا پێم وابوو حەوتوويەك بۆ تەنيا بوونمان زۆر كەمە. بەڵام هەر لە يەكەم و دووهەم رۆژدا بێ تاقەت بووم پێم خۆش بوو زووتر بگەرێينەوە ئیسفەهان. رۆژی يەكەم و دووهەم كەمتر لە ماڵێ بووين. ژنەكەم وەك شارييەكانی تر كە دێنە تاران، دەيەويست بچێ بۆ بازار و چونكە شارەزايی هێچ شيوێنێك نەبوو، منيش دەبايە لەگەڵ ئەو چووبامايە و ديسان لەو دوكان بۆ ئەو دوكان كردن لە ماڵێ مانەوە خۆشتر بوو. هەرچەند لە دووهەم رۆژدا ئەمن لەو دوكان بۆ ئەم دوكان كردن وەرەزبووم و لە رۆژی سێهەم و رۆژەكانی دواتر هەرلەماڵێ دا ماينەوە.

ژنم دەستاوی خۆش بوو (بەرگدرووی چاكيش بوو) و خواردنی چاكی لێدەنا و كەم قسەش بوو. منيش ئەوچەند رۆژە خۆم بەكتێبەكانی خەشايارەوە خافلاند و هەولّم دەدا خۆم خۆشحاڵ و پڕ لە هيوا بنوێنم. چونكە هەرچييەك بێ سەرەتای بەڵام زۆر زوو بيری ئەو رۆژانەم دەكردكە بەتەنيا لە ماڵێ دەمامەوە هەرچەندە نانيشم ئاواباش نەبوو و بەڵام رۆژانەم لەم رۆژانە خۆشتر دەويست لەرۆژانێك كە دەبوايە بە زۆری زەردەخەنە لێدەم و بەزۆری رۆڵی كابرايەكی خۆشحاڵ بنوێنم. ژنەكەم مرۆڤێكی لەخۆبردوو بوو هەر لە يەكەم رۆژەكانەوە هەستی كرد كە من مێردێكی باش نيم و بە رووی خۆی نەدێنا.



وەك بلێی برياری دابوو لەگەڵ خراپەكانم خۆی بگونجێنێ. ژنی چاك بوو. بەرلە زەماوەند كردنمان پێم وابوو هێچ ژنێك بە باشی و جوانی ئەو ناگاتەوە، بەڵام رێك لەو رۆژەوەی كە زەماوەند-مان كرد بينيم زۆر ژن بە باشی و جوانی ئەو و بگرە لەويش باشتر هەيە.

بەڵام ئەوەيكە بە پەلە زەماوەندم كرد ئی ئەو نەبوو كە پێم وابێ باشترين و جوانترين ژنی جيهانە، ئی ئەوە بوو كەهەر لەمنداڵييەوە حەزم دەكرد ئی من بێ و لەو كاتەوەی رووی دەدامێ ئێتر قەت پێم وانەبوو رۆژێك بێ كەببمە خاوەنی و كاتێك ببينم بەو سانايیەوە دەستم كەوتووە ، چۆن دەمتوانی زەماوەندی لەگەڵ نەكەم؟

لە دەنگی ماشينەكان كە شەو و رۆژ لە ژێر پەنجەرەكەمان تێپەر دەبوون وەزاڵە هاتبوو. دەيگوت تۆ چۆن دەتوانی لەو قەرەباڵغييەدا هەڵ بكەی؟ نەيدەگوت واز لە تاران بێنەو وەرە بگەرێينەوە ئیسفەهان. تەنيا لەدژی دووكەڵ و قەرەباڵغی و هەراو هوريای تاران قسەی دەكرد. نەيدەگوت با برۆين دوكانی خەياتييەكەمان وەرێ بخەين. دەيگوت: ((ئەو جلّەم جوانە؟)) دەمگوت: ((بەڵی زۆر جوانە)) دەيگوت ((بە چەند كڕيبێتم باشە؟ نرخێك بلّێ)) نرخێكی زۆرە لە سەرەوەم دەگوت، چونكە ئەو ئەوەی دەويست. ئەوكاتە ئەو نرخێكی كەمی دەگوت. منيش سەرم سووڕدەما. چونكە دەمزانی ئەو ئەوەی دەوێ. ئەوكات دەيگوت دەزانی بۆ وا هەرزان تەواو بووە چونكە بە خۆی دوريويەتی. منيش ديسان سەرم سووڕدەما- پتر لە پيشوو- و پرسيارم دەكرد (( بەراستە؟))

بەڕاستی بـوو. و ئەوکاتـە دەمگـوت: ((وەڵـلا خـەیاتی چـاکی ؟)) و ئەویش هەر ئەوەی دەویست هەموو ئەوقسە و باسانە بۆ ئـەوەبوو کـە ئـەو قسەیە بکەم و پاشانیش نەیدەویست ڕێك بڵی، با بروێنەوە و دوکانەکـەمان وەرێ بخەین و من لەوێ لە جیاتی باوکت کاربکەم و لەجیاتی جلی پیاوانە، جلی ژنانە بدورین و بەو شێوەیەی ژیانێکی باشمان دەبێ.

## بەشی نۆیەم

هەر وەکو بەڵێنم بە خەسوو و خەزووم (پوور و مێردی پووری پێشووم) دابوو، بریارم دا دوکانەکەی باوکم بگۆڕم. بەڵام بەخۆم زۆر تاقەتی ئەو کارەم نەبوو. ژن براکەم (کوڕە پووری پیشووم) کە ئەویش بێ کاربوو. توانی تەواوی کارەکان بکات. لێی شارەزابوو ناسیاوی هەبوو توانی لەماوەی حەوتوویەکدا دوکانەکە وەڕێبخات.

سەرەتا بریار وابوو ببێتە بەرگدروو، بەڵام دواتر بریاردرا بکرێتە وردەواڵە فرۆشی، خەیاتی داهاتی نەبوو. (ئیتر کەمتر خەڵك تاقەتی بەرگ دورینی هەبوو. لەمێژبوو زۆربەی خەڵکی خۆیان لەم بەزمە قورتارکردبوو، حازریان دەکری و حازریان دەفرۆشت) دوایەش وردەواڵە فرۆشی دەستی ئاواڵەتر دەکردین، بەڵام خەیاتی تەنیا خەیاتی بوو. پاشان بڕیاردرا خێزانم جلی ژنانە بدورێ لەوردەواڵەکە بیان فرۆشێ. لەوردەواڵە فرۆشییەکەدا دەکرا هەموو شتێك بفرۆشین. لەسەر پێشنیاری من ناومان لێنا (زایەندە رووود) ئەو ناوە منی وەبیر باوکم دەخستەوە. هەرچەند دوکانەکە هێندە لەڕووبارەکە دوور بوو ناوێکی باش نەدەهاتە ئەژمار. ئەو دوکانە چ ئەو



کاتەی کرایە وردەواڵە فرۆشی چ پێش ئەوە بەردەوام باوکمی بەبیر دەهینامەوە. بۆیەش هەولْم دەدا کەمتر بچمە ئەوێ. ژن براکەم بەتەواوی دوکانەکەی گۆڕیبوو لەجیاتی مێزە دارە رزیوەکەی باوکم مێزیکی شووشەی دانابوو ویترنیشی دانابوو کەپێشتر لێی نەبوو، قەفەزی شووشەی دانابوو کە کەل و پەلەکانی تی خستبوو بڕێك کەل و پەلی تریشی بەدار و دیوارەوە هەڵواسیبوو چەند ئاوێنەی گەورەشی لەولا و لەم لا دابوو دوکانەکە گەورەتر بنوێنێ. هەموو ئەوانە دیمەنێکی نوێیان بەوێ دابوو و بەگشتی دەتوانم بڵێم دوکانەکە گۆڕابوو. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە بۆمن هەردوکانە نابوودەکەی باوکم بوو. لەدار و دیوار یادی ئەو دەڕژا. بۆنی ئەوی لێ دەهات. چ لەدەرەوە چ لەناو دوکانەکەدا. لەنێو دوکانەکەشدا بەخۆی بەردەوام بوونی هەبوو تەنیا مێزە کۆنەکە کەم بوو. باوکم گاڵتەی بەو ژن برایەم دەکرد. بەڵام مرۆڤێکی پاریزکار بوو تامابوو لەبەر دایکم ئیستاش لەبەر بووکەکەی قاقا پێنەدەکەنی. جل فرۆشی (زایەندە روود)سەرەتا بانەمەڕ کرایەوە. خێزانم شەوانە لەماڵێ جلی دەدوری و بەڕۆژ لەدوکان فرۆشیار بوو. ژن براکەشم داخیلەی دوکانەکەی لەئەستۆ گرت بوو شتومەکی دوکانەکەی دابین دەکرد منیش جارجارە سەرێکم لێدەدان. بەڵام پتر لەناو ئەو کۆڵان و شەقامانەدا کە لەمنداڵییەوە هێندەم بینیوون دڵم بەدیتنیان لەژێلادەهات پیاسەم دەکرد. دەبوایە لەماڵ گەڕابوایەم. لەو کاتەوەی مارەنامەکەیان خوێندەوە خەسووم پێی گوتم: جارێ بەشیوەیەکی کاتی لێرەبن (یانی ماڵی پووری پێشووم) تاماڵێ دەدۆزینەوە. ئەو چەند

مانگە لە ئیسفەهان بووم شەوانە لەماڵی ئەوان دەمامەوە. بەڵام ماڵە راستەقینەکەی من هەرماڵە بچکۆڵانەکەی تاران بوو. چونکە هێشتا نوێن و بانەکەم لەوێ بوو و تائەوانیش لە وێ بن من هەر دەبوایە بەشە کرێکەم دابایە. بەڵام بەخۆم حەزم دەکرد جارێ هەروا ئەوبەشە کرێیەم بدەم لەجیاتی ئەوەی کە ماڵە پوورم یان ماڵێکی هاوبەشی من و کچە پووری پێشووم ببێتە ماڵی من.

کاتێك دوکانەکە وەڕێکەوت. ئیتر کەمتر کاریان پێم دەبوو. من لەبەیانییەوە تا شەوێ بیکار بووم. تەنیا خێزانم جارجار وەبیری دەهێنامەوە (بۆڵەی نەدەکرد)، زۆر سەیرە بەڵام ئەو ژنە بۆڵەی نەدەکرد کەئیتر کاتی ئەوە هاتبوو بیر لەشوێنیکی سەربەخۆ بکەینەوە. منیش بۆ ئەوەی شتێکم کردبێ. چەند جار لەگەڵ خۆی یان لەگەڵ باوکی بەدوای ماڵدا گەڕابووم. دۆزینەوەی ماڵ لە ئیسفەهانیش باشتر لە تاران نەبوو. چونکە ماوەیەك بوو ئیسفەهانیش قەرەباڵغ ببوو بەو هەموو شەقام لێدان و ئاپارتوومان سازکردنە و پەرەپێدان بەشار وای لێهاتبوو کە شوێنێکی شیاو بە کرێیەکی شیاو وەگیر نەکەوت و ئەگەریش وەگیریش کەوتبایە من پەسندم نەدەکرد، پەسەندم نەدەهات. لەوانەیە هەستیان کردبێت پەسەندم نایەت و بۆیە ئیدی لەگەڵم نەدەهاتن و منیش گوتم بەخۆم لە خانوو دەگەڕێم و جارجاریش هەر بەڕاستی لە نێوان بێ کارییەکانمدا سەردانی یەك دوو شوێنم دەکرد بەڵام بەو نیەتە کەنەمەوێن. دەمبینین تاکو شەوێ کەهاتمەوە لەلای خیزانم بڵێم یەك دوو جێگام بینییەوە بەڵام بەکاری ئێمە نەدەهات.

## بەشی دەهەم

حەزم دەکرد بگەڕێمەوە تاران. نەك بلێی ئیسفەهانم خۆش نەوێ. بەڵکو ئیسفەهانم پتر لە تاران خۆش دەویست. بەڵام ئیسفەهان ئازاری دەدام. هیچ کارێکم لە تاران نەبوو. نەخۆشم دەویست و نەکارم هەبوو. ئەویش بۆ من هەرواتر. بەڵام ئیسفەهان وانەبوو. کاری پێم بوو. منیش هەرواتر. دەچوومە هەرشوێنێك. شتێك بوو کە ئازارم بدات.

ئەو شتانەی لەمنداڵیمەوە هەر وەك خۆی مابوو و ئەوشتانەی گۆڕابوون و ببوونە شتێکی دیکە. تەواوی ئیسفەهانیش لەو دووشتە نەدەترازا. ئەو شەقامە پانانەی کە لە جیاتی کۆڵانە تەنگە بەرەکانی دانرابوون هەر ئەوەندە خەمهێنەر بوون کە کۆڵانە تاریك و گەڕەکە کۆنەکان بوون. لەوەتا هاتوومەتە تاران وام لێ هاتووە. هەر جارێکیش کە دوو سێ ڕۆژ بۆ بەسەر کردنەوەی باوکم دەچوومەوە ئیسفەهان هەر ئەو بەزمە بوو. باوکم پێداگریی دەکرد پتر لەوێ بمێنمەوە، بیانووم دەهێناوە. دەمگوت کارم هەیە. کاریشم نەبوو. باوکم دەیزانی دەڵێم چی و دەیگوت (تو ئیتر ئەو کوڕەی رابردوو نی) چەند جاریش ئەوقسەیەی دووپات دەکردەوە.



بەپەژارەیەکی زۆرەوە وەك بیەوێ بەو قسەیە بڵێ ئیدی ئەو شارەش شارەکەی رابردوونییە.

ئەو دوکانەش دوکانەکەی رابردوونییە. ئەوژیانە ژیانی رابردوونییە. ئەوخەڵکە، ئەوهەوایە، ئەودارانە، ئەوشەقامانە و کۆڵانانە- هیچ شتێك وەك رابردوونییە- تەنانەت گەڕەکە دەست لێنەدراوەکانیش هەروەها.

گەڕەکەکەی ئێمە یەکێك لەو گەڕەکانە بوو. هەروەك خۆ مابۆوە. هەردیوارە گڵەکەی- دە دوازە ساڵ لەوەپیش بوو. کەهەرکات لەبنی تێدەپەریم چاوەڕێ بووم داتەپێ. هەروا بەپێوە بوو و دیسان لە ژێرییەوە تێپەریم، بێ ئەوەیکە چاوەڕێی شتێك بم، وەك بڵێ ئەگەر بریار بوایە ڕووداوێك ڕووبدات رووی دەدا هەردیواریك کە بڕیاربوو برمێ، ئەگەر تاهەنووکە نەڕماوە، کەوایە داناتەپێ.

دەرکەیەك کراوە و ژنێك لەکەلینی دەرکەکە هاتە دەرێ و نیگام کەبەسەر دار و دیوارەکان دادگەڕا کەوتە سەرئەو. راوەستا، هەرئەوەندەش بەس بووتاکوو وەبیرم بێتەوە تەنانەت ناوەکەیم وەبیرهاتەوە تاکوومنی وەبیر بێتەوە بەڵام ئەو هەروا چاوی لێ دەکردم و قسەی نەدەکرد. ئەو هەر واسەیری دەکردم. میکیاجێکی خەستی کردبوو زۆر بەخۆی راگەیشتبوو بەڵام ژێر چاوەکانی بۆر وچاڵ ببوو و کۆڵمەکانی سپی بوون برۆکانی باریك ، وەك دوهێڵ. هەروەك قەدیم کزبوو. بەڵام زەعیفتر و زەردهەڵگەڕاوتر. کچۆڵە زەردەواڵەکە ئێستا بەخۆی ژنێکی گەورەبوو. دەرکەی پێوەدا و رۆیشت لەپشت دەرکەوە قاوم کرد. گەڕاوە. ناوی خۆم

گوت، گوتم وەبیرتنایەوە. گوتی: (بەداخەوەنا) خەریك بوو دەڕۆیشت. گوتم: (ماڵی ئیمە لەوێ بوو دەرگای ماڵەکەم نیشان دا. دیسان وەبیری نەهاتەوە دەرگای ماڵەکەم نیشان دا. دیسان وەبیری نەهاتەوە. گوتم: لەبیرتە جارێك جاسووسی منت لەلای دایکم کردبوو؟ خەریك بوو وەبیری دەهاتەوە گوتی: (بۆچی؟)

ئاوم پیداکردبوو. (تەرم کردبووی)

گوتی (ئەها).

چاوێکی بەگیانم داگێڕا و گوتی: (ئەوە تۆیی؟)

گوتم: (بەڵێ بەخۆمم.)

(لیرە چ دەکەی؟ لەتاران ژیانت دەکرد وایە؟)

پاشان. سەرەخۆشی لێکردم. دوایە پێکەنی و گوتی: (ئاوت پێدانەکردم، منت خستە ناو ئاوەکە) پێکەوە چوبووینە قەراغ چۆمێ. بەزۆری و پاڕانەوە بردبووم. چونکە کچان قەت نەدەهاتن تەنیا پێویست بوو لەشەقامێك تێپەرین و لە بەنداوەکە بپەڕینەوە. بۆ ئەو رێگایەکی دوورتریش هەبوو کە نەیدەتوانی لێی بپەڕیتەوە.

ئەو پێی خۆش بوو ماسی بگرین. من قەت راوە ماسیم نەدەکرد (جاری وابوو مەلەم دەکرد بەڵام زۆرتر لەقەراغ ئاوەکە پیاسەم دەکرد و سەیری ئەو کەسانەم دەکرد کەخەریکی مەلە و راوە ماسی بوون.)

بۆ ئەوەی کە ئەو بەرمە سەر چۆمی قولاپێکی ماسی گرتنم لەحەمید بەقەرز وەرگرت. کاتێك لەقەراغ چۆمەکە چاوەڕێی ماسی بوو و قاچەکانی تاسەر چۆك خستبووە نێو ئاوەکە، بیرم لەوە کردەوە پاڵێکی پێوەنێم و



بیخەمە ناوئاو. هەرواشم کرد. دەستی بەگریان کرد. قولاپی ماسی گرتنەکەی خستە نیو ئاوەکە بەجلی تەرەوە هەڵات و رۆیشت.

ئاو قولاپەکەی برد و کاتێ گەڕامەوە بە جلێکی ویشکەوە لەبەردەرکەی ئێمە راوەستابوو و جاسووسی لێ کردبووم. بەڵام باسی پاڵ پێوە نان و خوسانی خۆی نەکردبوو. چونکە ئەو قسەیە بەزەرەری خۆی تەواو دەبوو پێیان دەزانی کە هاتۆتە قەراغ رووبارەکە. تەنیا گوتبوی ویستویەتی خۆم پێوەنێ.

پاش ئەو رووداوە قەت پێکەوە نەچووینە سەر ئاو و قەتیش خۆمان بەیەکەوە نەنا من تائەوکات خۆشم دەویست بەڵام بەهۆی ئەو سیخوڕییەوەو پتر بەهۆی قولاپە ماسییەکەی حەمیدوە لییێ وەڕەز بووم و وەدوای کچانی دیکە کەوتم. بەڵام ئێستا ئیتر لەوباسە زۆر تێپەر بووە و لێی دڵگیر نیم نە لەو نەلە ئەوکچانەی کەپاش ئەو لێیان دڵگیر بووم یان بەڕەڵام کردن. من بیرم لەزۆر کەس دەکردەوە وە دوایان دەکەوتم. وەرەزیان دەکردم بەڵام خۆش بوو لەپشتەوە دەنگی ژنێك هات کە بانگی دەکرد. (هێشتا لێرەی؟ وەدرەنگ نەکەوی؟)

دایکی بوو سەری لەدەرکەکە هێنابووە دەرێ. کچەکە منی پێناساند سەرێکی لەقاند و گوتی: (وەدرەنگ نەکەوی؟) کچەکە چاوێکی لەکاتژمێرەکەی مەچەکی کرد و گوتی: (دەبێ بڕۆم. دەچمە کلاسی خەیاتی . لەبینینتان خۆشحاڵ بووم.)

رۆیشت.

دایکیشی منی وەبیر کەوتبۆوە. ئەحواڵی پرسیم و لەبابەت مردنی باوکیشم سەرەخۆشی لێکردم.

## بەشی یازدەهەم

جارێك باوکم تەڕی کردم. یەکێك لە ڕۆژە ساردەکانی ساڵ بوو، پێکەوە چووبووینە قەراغ ئاو. باوکم رووت بوو و چوو بووە ناو ئاوەکەوە و هێندەش خۆشحاڵ بوو کە پێشنیاری بە منیش کرد بچمە ناو ئاوەکەوە. من وەك هەموو ڕۆژانی پێشوو لە پەنا جانتا و جلەکانی راوەستابووم و خەریك بوو لەسەرما ڕەق هەڵێم و هەڵدەلەرزیم. سەرەتا پێم وابوو گاڵتە دەکات، بەڵام لە پڕ لە ئاوەکە هاتە دەرێ ویستی بەزۆر جلەکانم لەبەر داکەنێ و بمباتە نێو ئاوەکە. دەستی گرتم و بەرەو ئاوەکە رایکێشام و پاشان پاڵی پێوە نامە نێو ئاوەکەوە. لەسەرما هەناسەم دەرنەدەهات. خۆم لەژێر دەستی رزگارکردو لە ئاوەکە هاتمە دەرێ، بەڵام تەواو خووسا بووم گشت گیانم ئاوی لێ دەچۆرا خوارێ.

وەختابوو ڕەق هەڵێم خۆم رادەوەشاندو لەپەنا رووبارەکە هەڵدەهاتم و گوێم لێبوو باوکم بەدەنگێکی بەرز قاقا پێم پێدەکەنی. لەو گاڵتە بێتامەی زۆر رقم هەستا بوو. جلەکانی خۆی کە بەر لەوەی بچێتە ناو ئاوەکە بەوردی قەد کردبوو. لە پەنا جانتاکەی دانابوو و جنتاکەشی خاولییەکەی



تێدابوو. لەپڕ هەڵم گرت و خستمە نێو ئاوەکە و بێ ئەوەی چاو لە دواوە بکەم رامکرد.

کە گەیشتمەوە ماڵێ هێندە هەڵاتبووم تەواو گەرم گەرم داهاتبوومەوە. بەڵام خوسا بووم دایکم وەبەر پلاری پرسیاری گرتم. دایکم جلەکانمی لەبەر خۆرە تاوەکە داکەند. بۆم گێڕاوە کە لەجیاتی حەمام چۆن زۆر بەیانی دەچووینە قەراغ ئاو و باوکم مەلەی دەکرد و من تەنیا سەرم تەڕ دەکرد بەڵام ئەمرۆ بەر لەوەی سەرم تەڕکەم باوکم ئازای گیانمی تەڕکردووە.

باوکم خولەکەك دواتر بە جل و جانتای تەڕەوە هاتەوە ماڵێ. دایکم لەبەر خۆرەکە جلەکانی ئەویشی داکەند بەردەوام بۆڵەی کرد و جنێویدەدا و دوعای لێدەکردین. باوکم هیچی نەدەگۆت سەیری منیشی نەدەکرد. خۆی گەرم کردەوە جلی وشکی لەبەرکرد و ڕۆیشت.

ئەوە دوایین جاربوو کەچووین بۆمەلە. تەنانەت پێکەوە بۆ حەمامیش نەدەچووین . زۆر جار باوکم بەتەمای حەمام دەستی دەدا جانتاکەی و دەهاتە دەرێ. بەڵام منی لەگەڵ خۆیدا نەدەبرد. بە دایکمی گوتبوو (ئەو کوڕە ئیتر گەورە بووە دەبێ بەتەنیا بۆ حەمام بچێ) نەمن و نەدایکم نەمان دەزانی بۆ حەمام دەچێ یان دەچێتە چۆمێ.

## بەشی دوازدەهەم

دوای پردی خاجوو، پانایی ئاوەکە کەمتر دەبێ قوڵایی ئاوەکە زۆرتر.

لەوێ دیمەنێکی سەیرم بینی. گەمێیەکی ماتۆری لە قەراغ ئاوەکە راوەستابوو. ئەوە یەکەم جار بوو لەسەر زایندە روود گەمێم دەبینی ـ ئەویش گەمێی ماتۆری. سەرەتا پێم وابوو خەون دەبینم. چونکە ماوەیەکە زۆر خەون دەبینم. بەڵام شەوێ کەهاتمەوە ماڵێ بۆ ژن براکەم گێڕاوە ئەو گوتی بەخۆی نەیبینیوە بەڵام بیستویەتی کە ماوەیەکە گەمێ ماتۆری لێیە. دەیگوت لەوانەیە داهێنانی خۆزستانییەکان بێ کەپاش شەڕ هاتبوونە ئیسفەهان، بەدوورم نەدەزانی کە راست بێت. ماوەیەکە خۆزستانی لە ئیسفەهان زۆر دەبینرێت ئیستا کە لێرەن لەجیاتی ئەوەی کە لە شاری خۆیان لە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بن. گەمێکانیشیان هێناوە و لەجیاتی بیخەنە سەر کاروونی خۆیان، دەیخەنە سەر زایندە روود. بەڵام کاروون لە کوێیە زایندە روود لەکوێیە؟ زایندە روود تەنیا بۆ دەشت و بیابانی ویشکی ئیسفەهان زایندە روودە و زیندووە. دەنا بۆ ناوچەی سەوزی خۆزستان جۆگەلەش نییە. بەڵام باوکم دەیگوت سەردەمانێك زایندە روود



بەڕاستی زایندە روود بووە و ئاوەکە تەواوی بە پانتایی رووبارەکە و تا نیوەی بەنداوەکەی گرتووە و تەنانەت تا ئەو کاتانەی باران بەرێژنە باریووە. ئاو لەبەنداوەکەش هاتۆتە سەرێ و رژاوەتە ناو شەقامەکان و کۆڵانەکانی قەراغ رووبارەکان تەنانەت لەم دوایانەدا ((باوکم دەیگوت)) ئەو کاتەی ئێمە لەنزیکی رووبارەکە نیشتەجێ بووین. جارێك ئاو تاکوو ناو کۆڵانەکەی ئێمەی گرتۆتەوە. من نە ئەوجارەم وەبیردێ و نە قەتم ئەو چۆمە بە پڕ ئاوی بینیوە. ئەوەش هەر وەك ئەوە وایە دەڵێن باوکم سەردەمانێك بەرگ دروویەکی بەناو بانگ بووە. نە ئەوەیانم بەچاوی خۆم بینیوە نە ئەوەیان. بەڵام لەچاو درێژایی پردەکان دەکرێ بڵێین (سێ سەد ساڵ لەوە پێش ) ئاوی ئەم رووبارە پتر لە ئێستا بووە.

سی و سێ پرد درێژتر بوو هەر بۆیەش لە بەرامبەر داڵانەکانی پردی خاجو تەختە داریان دادەنا و ئاوەکە کۆ دەبۆوە و گۆمێکی بچووك دروست دەبوو تێدا گەمێیان لێدەخوڕی و لەژێر پردەکە خەڵك دادەنیشتن و لە پەنای یەکتر و لەسەر پلیکانەکانی خوارەوە قاچەکانیان دەشۆردو باقی ئاوەکەش لەژێر پردەکەوە رۆیشتووە. لەوکاتەوەی لە بیرم ماوە. نێوان ستوونەکانی پردی خاجو قەت ئاوی تێدا نەبووە لەسی و سێ داڵانەکەی سی و سێ پردیش تەنیاسێ، چوار دانە لەوانەی ناوەند ئاوی تێدا بوو.

کاتێك گەمێکەم بینی وەبیر باوکم کەوتمەوە گوتم ئەگەر ئێستا ئەو دیمەنەی بینیبوایە چی دەگوت یان چی دەکرد پێ دەکەنی یان نا؟ سوار دەبوو یانا؟ رۆژی یەکەم تەنیا گەمێیەکم بینی و- لەدوورەوە- نەچوومە

پێشی و پێکەنیننم دەهات. ڕۆژی دواتر بڕوام نەدەکرد بیبینمەوە و دیسان بینیمەوە. چوومە پێشی و لەپەنای  ڕاوەستام و سەیرم کرد. گەمێ بوو. گەمێیەکی ماتۆری. هەر لەوانەی خوڕەم شار. لەوانەی کە ئەو کاتەی کەدەکرا بچیە ئەوێ بیبینی. لە ئابادان لە قەراغ دەریا.

بە چەند بەرمیل و تەختەدار ئیسکلەیەکیان دامەزراند بوو. سەکۆیەکی بچووك بوو. ئەوە یەکەم سەکۆیە و یەکەم ئیسکلەی زایندە ڕوود بوو. بۆ ئەوە بوو ئەوانەی کە دەیانەویست سواری گەمێ بن لە وێدا بچنە ناو گەمێکەوە. چوومە سەرێ، دەجوڵاوە. لاقت هەڵێنابایە و داتنابایەوە دەجوڵاوە. بەڵام قایم و قۆڵ بوو. خۆم دەجووڵانەوە ئەویش لەگەڵم دەجوڵایەوە. گەمێ و ڕووبار و دارەکانی ئەو بەری چۆمەکەش لەگەڵم دەجوڵانەوە. هەموو جارێك لەگەڵ جوڵانەوەکە جیڕە جیڕی دەکرد لەناو خێوەتەکەی پەناڕووبارەکە منداڵێکی دوازدە ساڵە هاتە دەرێ. شتێکی دەجوو و سەیری منی کرد بە مۆنە مۆنەوە لێم نزیك بۆوە و ڕاوەستا. وای لێ دەهاتەوە گەمێکە و ئیسکلەکە ئی ئەو بێ. یان لانی کەم ئی کەسێکی گەورەتر لەو بێ کە ئەو لەبەر دەستی دا کاربکات. چاوەڕێ بووم کە دەنگم بدات کە بۆ لەوێ ڕاوەستاوم. ئەگەر باسی ئیسکلەکەی کردبایا ڕاستی دەکرد. بەڵام قەراغ ئاوەکە تەنانەت پەنا گەمێکی ئی کەس نەبوو. ئی هەموان بوو. منیش دەمتوانی چەند کاتژمێرێك لەوێ ڕاوەستم و سەیر بکەم بێ ئەوەی سوار بم.

من لەسەر ئیسکلەکە و کوڕەکە لەپەنا ئاوەکە و پاشان لەناو گەمێکە هێندە چاوەڕێ ماینەوە تاوکو چەند کڕیار هاتن. بنەماڵەیەکی تەواو بوون



، پیاوێك و دوو ژن و چوار منداڵ لە کوڕەکەیان پرسی ((بەچەند دەمانگێڕی؟)) کوڕەکە گوتی: ((پێنج تمەن)) پیاوەکە برێکی قسە لەگەڵ کرد و لەکوتاییدا کوڕەکە ڕازی بوو کە هەموو منداڵەکان  بەنەفەرێك و دوو ژنەکەش بە نەفەرێك دانێ و پازدە تمەن نیان لێ وەربگرێت.

هاتنە سەر ئیسکلەکە. ئیسکلەکە بەتوندی جووڵاوە. ژنەکان  ترسان و قیژاندیان و کوڕەکە پێکەنی. منداڵەکان لەسەر ئیسکلەکە هەڵدەبەزین و دەجوڵانەوە. لەپڕ هەشت کەس هاتبوونە ناو ئیسکلە بچووکەکە و دەش جوڵانەوە. پیاوەکە لە منداڵەکان تووڕە بوو یارمەتی ژنەکانی دا سواری گەمێکە بن. هەموو سوار بوون و کوڕەکە ماتۆرەکەی پێکرد و گەمێ لە جێگای خۆی هەڵکەندرا. هەموو بەربوونەوە بەڵام زوو خۆیان گرتەوەو پاڵیان پێکەوەدا. من دەمبینی پێدەکەنن و چێژ وەردەگرن. هێڵێك لە پشتەوەی گەمێ ماتۆرییەکە لەسەر ئاوەکە دەماوە و ئەویش بۆ ئاوی زایندە ڕوود نوێ بوو و لێی نەدەهاتەوە. ئەو گەمێیە بەپرتاو درزی دەخستە ئاوی ڕووبارێکەوە کە سێسەد ساڵ بەر لە ئێستا زیندوو بوو بەڵام ئێستا نەزۆکە.

زۆر ناشیرین بوو. هێشتا ئیسکلەکە لە جوڵەی منداڵەکانی ئارام نەبووە کە گەمێکە سوڕاوە و هاتەوە سەر جێی خۆی ڕاوەستا.

هەر ئەوەندە بوو. سەفەرەکەیان بەو خێراییە تەواو بوو. بەڕاستی چ نەبوو. پازدە تمەن بۆ یەك خولەك . بەڵام بنەماڵەکە ناڕازی نەبوون. جێگەی ناڕازی بوونیشی نەبوو چونکە نەدەکرا گەمێکە بچێتە سەرتر، قوڵایی

ئاوەکە کەم دەبۆوە و بنەکەی دەنیشت. کوڕە گەمیێ وانەکە بەزاراوەی خۆی ئەوەی گوت. پرسیارم لێ کرد ((دەکرێ من تاسەرەوەتر ببەی؟ چونکە پێنج تمەن بۆئەو بستە کەمە)).

گوتی ئەگەر بـچمە سـەرتر لـە بنـی چـۆمەکە گـیر دەکـا و گەمیێکـە دەشکێ.

بەنارەحەتییـەوە گـوتی: ((ئەگـەر هـەزار تمەنیـشم بدەیـەی. ناتبەمـە سەرەوەتر)) منیش لەخێری گەمێیە سوار بوون خۆش بووم.

## بەشی سێزدەهەم

هەر ئەو شەوە لەخەونما لەگەڵ باوکم سواری گەمێیەکە ببووین و لەسەر ئاوی رووبارەکە بەرەوپێشەوە دەرۆیشتین . گەمیٚ وانەکەمان ئاغای گوڵچین بوو گەمێکەشمان سەوڵە بوو ماتۆری نەبوو. ئاغای گوڵچێن سەوڵی لێدەدا. لەئاخری گەمێکە دانیشتبوو. تیشێروتێکی لە بەردابوو کە وێنەیەکی بروسلی پێوە دیار بوو. لەگەڵ هەر سەوڵ لێدانێك بازووەکانی کۆدەبوونەوە و لە ژێر تیشکی مانگدا دەبریسکانەوە دوو سەوڵی پێی بوو کە پێکەوە دەیجولاندەوە و بنێشتیشی دەجوو.

شەوبوو بەڵام هەموو ئەو شتانە لەژێر تیشکی مانگ دا دەبینرا. ئاوەکە مەندبوو و دیاربوو گەمێکە بەهۆی سەوڵەکانەوە بەرەو پێش دەڕوات. بەڵام رەوتی جوڵەی ئاوەکە- هەروەك راستی و بەخەبەری- بوو ئەوەشم دەبینی کە خەریکین لە شوێنی راوەستانی گەمیٚ ماتۆڕییەکە تێپەڕ دەبین دەمزانی کە ئێمە لەو شوێنەین کە گەمێکە لە ئەرزی دەنیشیٚ. باوکم گوتی: مەترسی کوڕم، ئاوی رووبارەکە زۆر بووە و دەکریٚ تیدا گەمیٚ لێخورن. لێم پرسی: بەرەو کوٚی دەڕۆین؟ گوتی دەمانەویٚ تا کۆتایی



رووبارەکە بڕۆین. دەمزانی کۆتایی رووبارەکە زەلکاوە، گوتم: گاڵتە دەکەی؟ گوتی: نەکوڕم- بەڕاستی دەمانەویٚ بچین بزانیین ئاخری رووبارەکە چۆنە. هەرچەندە بە خۆشم زۆرم حەز دەکرد زەلکاوی (گاوخونی) ببینم بەڵام دیسان هەردەترسام. گوتم: بەخۆمان لەزەلکاوەکە دا ڕونەچینە خۆاریٚ. باوکم پێکەنی . گوتی مەترسە کوڕم لەدور ڕاکە زەلکاوەکەمان بینی رایدەگرین. باوکم سەیری قسە دەکرد و وەك مامۆستاکان هەر کوڕم کوڕمی بوو.

لەژێر پردی شارستان تێپەرین. بەڵام پردی شارستان بەو خیراپیەی بەخەبەریم نەبوو. تەنانەت کەپرەکانی قەراغ پردەکە ساغ بوون. بەڵام فریانەکەوتم جوان سەیری بکەم. گەمێکەمان بەپڕتاو بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت. ئاوەکە ئارام بوو. هیچ دەنگێك نەدەهات. تەنیا دەنگی سەوڵ لێدانی ئاغای گۆڵچین دەهات. من و باوکم لە پێشەوەی گەمێکە دانیشتبووین و سەیری پێشوەمان دەکرد و من دەترسام و سەیری دەوروبەرم دەکردو جارجار چاوم لەو دەکرد کە سەیری پێشەوە دەکات و بنێشت دەجاوێت. لە ژێر پردی چومیش تێپەڕبووین لەترسان وەختابوو دڵم بتۆقیٚ. باوکم هەرواکە سەیری پێشەوەی دەکرد دەستێکی خستە سەرشانم و گوتی: مەترسە کوڕم ـ شتێکی وانییە. ئەو کارەمان هەر دەبوایە بکردبایە. درەنگ یان زوو تەوفیری نەبوو. چاوی لەمن نە دەکرد ئەوەش منی پتر ترساند. پێم وابوو ئیتر هیچ شتێکی وامان نەماوە بگەینیٚ باوکم گوتی راستە کورم خەریکە دەگەین ، بەڵام ماومانە. کاتیٚ گەیشتینیٚ پێت

دەڵێم. گوتم: باوکە بگەڕێینەوە. گوتی ئەو ئەو هەموو پارەیەمان داوە بێینە ئێرە ـ ئێستە تۆ دەڵێی بگەڕێینەوە؟ گوتم بەجەحەندم پارەمان داوە.! باشە بۆ کوێ دەچی؟ زەلکاو خۆ بینینی ناوێ. گوتی: بۆ بینینی ناوێ کوڕم؟ هەموو ژیانی ئێمە لە نێو ئەو زەلکاوە دایە. بوون و نەبوونمان. دار و نەدارمان رژاوەتە نێو ئێرەوە، گشت ئەو ئاوانەی کەبەسەر لەشی ئیمەدا هاتووە رژاوەتە نێو ئێرەوە. گوتم: دەی ئیستا ئەوە بەخۆشمان دەچینە ئێرەوە. گوتی بە جەحەندەم دەچینە ئێرەوە. بینیم بێ فایدەیە. هەرچیم گوتبایە کەڵکی نەبوو. برێك هاتمە دواترەوە. بەڵام ئەو لە جێگای خۆی نەدەبزووت. ئاوڕم دا و سەیری گوڵچینم کرد ئەویش مژۆڵی لێنەدەدا بەڵام سەیری منی کرد لە نیگای دا دەمبینی کە دەڵێ ئێستا کاتێتی. راستی دەگوت. باشترین دەرفەت بووە. باوکم سەیری پێشەوەی دەکرد و بێ ئەوەی بجوڵێتەوە لەسەر لێواری گەمێکەی دانیشتبوو. لە پێشەوە بەدوو دەست پاڵم پێوەنا. بەڵام جوڵەی نەکرد. وەك بەرد لەسەر جێگای خۆی نەدەبزوا. دیسان بەهێز و حەرەکەتی خۆم پاڵم پێوەنا بەڵام دیسان بێ فایدە بوو. تەنانەت ئاوڕیشی نەداوە. چومە پێش و سەیرم کرد ئەویش وەك گۆڵچین مژۆڵی لێنەدەدا و تازە وەبیرم هاتەوە ئەو کاتەی قسەی لە گەڵم دەکرد دەمی نەدەجولاوە. گوتم: باوکە نەگەیشتینێ؟ هیچی نەگوت. خەرێك بوو دەگەیشتینی. دڵنیابووم کەیان گەیشتووینێ یان خەریکە دەگەینێ. هەڵاتمە پێشەوەی گەمێکە و ویستم سەولکان لە گۆڵچین بستێنم. بەڵام ئەو



دەستەکانی بە سەولەکانەوە نوساندبوو. جولەی نەدەکرد و هەروا سەولی کەلێدەدا بنێشتی دەجوو چاوی لەپێشەوە دەکرد. بازم دانێو ئاوەکەوە.

کە وەخەبەر هاتم سەرم لە لێواری مێزی ژووری میوانانی ماڵە پوری پێشووم کوتابوو. وەها دەنگی هاتبوو کە خێزانەکەم وەخەبەر هاتبوو بەپەلە گڵۆپەکەی پێکرد لە ئاوێنەکە سەیری سەرمی کرد خوێنی لێنەهاتبوو بەڵام بای کردبوو. ئێمەیان لەژووری مێوانان دەخەواند ئەویش پربوو لە مێز و کورسی و مۆبڵ خرکە و پرتەکە و جێگای نوستمان بەرتەسك بوو. بۆیەش ئێمەیان لەوێ دەخەواند کەتێ بگەین لێرە میوانین و دەبێ لەفکری شوێنێك بۆ خۆماندا بین. خێزانم گوتی: تۆ شەوانە زۆر خراپ دەنووی- هاوار دەکەی- دەگری و دەتلێیەوە ((ئەگەر تەختێکی گەورەی نوستمان هەبێ ئاوات لێ نایا)) ئەو قسانەی لە دڵسۆزییەوە کرد نەك بۆڵەم بەسەردا بکات.

ئەو خەونەی بینی بووم بۆ دەگێڕاوە کە لە نیوەی خەونەکەم دا خەوی لێ کەوتەوە.

## بەشی چواردەهەم

لەو شەوەڕا هەموو شەوێ خەونم بە باوکمەوە دەبینی. هەموو شەوێ یان شەو ناشەوێك خەونم پێوە دەبینی. زۆر جار خەونی شەوی یەکەمم دەبینی.

بەلاّم لە جیاتی ئەوەی بازدەمە نێو ئاوەکە دەگەیشتینە زەلکاوەکە دەمبینی لە جیاتی زەلکاو گۆلێکی گەورەیە کە دەوران دەوری داری بەرزی وەك یەکە لەژێر تیشکی مانگەکەدا دەبریسکانەوە باوکم دەیگوت ئەوە قولّترین گۆلّی جیهانە. چونکە هەموو ئاوی زایندە روود هەر لەسەرەتاوە رژاوەتە ئێرەوە و لەسەر یەکتر کۆ بوونەتەوە ئیستاش کەس نازانێ بنەکەی لە کوییە. پاشان من دەترسام و ئەویش بە گاڵتە منی دەخستە نێو ئاوەکە دەنا بەخۆی بازە دەدا نێو ئاوەکە منیش بەدواییدا. یان گەمێکەمان وەر دەگەڕا و هەرسێکمان دەکەوتینە نێو ئاوەکەوە. یا لە بنەرەتڕا گۆلی لێ نەدەبوو. زەلکاو دەبوو و گەمێکەمان لە گڵ دەچەقی و لە زلکاوەکەدا دەماوە منیش بۆ ئەوەی خەبەرم بێتەوە خۆم فڕێدەدایە نێو زەلکاوەکەوە. یان



بەر لەوەی بگەینە گۆلەکە یان زەلکاوەکە گەمێکەمان لە بنی رووبارەکە دەدرا و دەشکا. جارێکیان فریا کەوتم و جوان سەیری پردی شارستانم کرد ساغی ساغ بوو. هەروەك چۆن لەسەرەتادا دروست کراوە هەر بەو جۆرەبوو کە لە نێو نیگار کیشەکاندا دەیکێشنەوە. لە زۆربەی خەونەکانم گۆلّچینیش لەوێ دەبوو، هەروەها باوکیشم. بەلاّم لەزۆر خەوندا تەنیا باوکم لەوێ دەبوو گۆلّچینیش لەزۆربەی خەونەکانم دا ئەو تیشێرتەی کە وینەی بروسلی پێوە بوو لەبەری دابوو. زۆر جار ئەو خەونانەم بۆ خیزانم دەگێڕایەوە. کە دەم گێڕاوە تا ماوەیەك لە بیرم دەمان و کە دەمگێراوە دیسان دەمبینیەوە و ئیتر بەو زوانە لە بیرم نەدەچوونەوە. وەك خەونی شەوی یەکەمم کە پاش چەند مانگێك نووسیمەوە بە وردی لەبیرم مابوو.

## بەشی پازدەهەم

ماوەی دەساڵێك بوو گوڵچینم نەبینی بوو ـ لەو کاتەوەی قوتابخانەی سەرەتاییم تەواو کردبوو. بە درێژی ئەوساڵانەی دواناوەندی، سەرەڕای ئەوەیەکە قوتابخانە کە بە دواناوەندی ئێمەوە نووسابوو، بەڵام قەت تەنانەت جارێکیشم گوڵچین نەبینی و پاشانیش کە هاتمە تاران و قەتیش بیرم لێ نەدەکردەوە ، بەڵام لە پارەکەوە لەوەتا باوکم مردووە، یادی ئەو لەگەڵ یادی باوکم زۆر جار تێکەڵ دەبێ ئازارم دەدات. نازانم چ پەیوەندیکیان بە یەکەوە هەیە. باوکم تەنیا جارێ بینی بووی ئەویش بەرێکەوت. بەخۆشم تەنانەت کەلە پۆلی چوارەمیش قوتابی بووم ـ باشی نەدەناسیم. من لەو قوتابیانە نەبووم لە ڕێستەکاندا لە دەرەوە کۆ دەبوونەوە و لەبەری دەپاڕانەوە ماسولکەکانی باسکی وەدەر بخات. ئەویش قەت کاری پێم نەبوو. جارێك دارکاری کردم. سەرەڕای کە بەمامۆستایەکی باش ناوبانگی دەرکردبوو دەیان گوت ئاسان دەرەجەدەدات. بەڕاستیش هەروابوو. دارکاریکەشم لەبەر نەخوێندن نەبوو لەسەر کلاس خەونووچکە بردبوومیەوە. بە باوێشکدان توڕە دەبوو و هە کەسێکیش باوێشکی دابوایە



بە سەریدا دەینەڕاند و کەس نەیدەوێرا لەسەر کلاسی ئەو باوێشك بدات. منیش باوێشکم نەدەدا بەڵام جاری وابوو خەوم لێدەکەوت. هۆشم لەسەر خۆ نەدەبوو و دەچوومە دنیای خۆمەوە لەپڕ بە سەرم دا دەڕووخا و من رادەپەڕیم و هەموو منداڵەکان لەقاقای پێکەنینیان دەدا. دڵنیا بووم بمدۆزیبایەتەوەش و هەزار ناو نیشانم پێدابایە، پێم وانییە منی بەبیرهاتبایەتەوە. بەڵام حەزم دەکرد بیدۆزمەوە بەهەر چەشنێك بووە بیبینم و چاو لە قسەکردن و مژۆڵ لێدان و لێنەدانەکەی بکەم.

فەراشی قوتابخانە سەرەتاییەکە گۆڕدرابوو. هیچ کام لەو مامۆستا کۆنەکانیش لەوێ نەمابوون و فەڕاشە نوێیەکەش تەنیا ئاغای ئیلچی مامۆستای پۆلی پێنجەمی دەناسی. کە ئیستا مامۆستای دواناوەندی بوو و لە مەدرەسەکەی پەناوە وانەی دەگوتەوە دەکرا بە سۆنگەی ئەوەوە گوڵچین بدۆزمەوە. چونکە پێکەوە هاوڕێ بوون و بەدڵنیاییەوە ئاگاداری ئەو بوو.

فەراشەکانی دواناوەندی هەر فەراشە کۆنەکان بوون. بەڵام منیان وەبیر نەدەهاتەوە و ڕێگەیان نەدام بچمە ژورێ بە منێك کە چەند ساڵ بەزۆری لێرە رایان گرتووم ئیستا ئیزنیان نەدەدا کە خولەکێك لەوێ بم. تاکو گوتم ئیشم بە ئاغای ئیلچیە و ئیتر نەدەکرا پێشم پێبگرن و هاتمە ژوورێ.

تاکاتی پشوو دەبوایە چاوەڕێ بم. نەشدەکرا لە حەسارێدا پیاسە بکەم نەیاندەهێشت. گوتیان: لەژوورێ دانیشم و پیالەیەکیشیان چایی پێدام. دەرفتەردارێك لە پشت مێزەکە دانیشتبوو خەریکی نووسینی بڕێك شت لە

دەفتەرێکی گەورەدابوو. هەر ژووره کۆنەکە بوو لەوانەیە تابلۆکانیان لابردبێ تابلۆی نوێیان هەڵواسیبێ. دەفەتەردارەکەش بۆم ئاشنا بوو. کۆن بوو. بەڵام ئەو کاتیش کە لێرە دەرسم دەخوێند منی نەدەناسی چ بگات بەئێستا. من ساڵی جارێك ئەویش بۆ نێونووسی دەهاتمەلای.

لێم پرسی: (تاکاتی ڕێست زۆری ماوە؟)

بێ ئەوەیکە سەری لەسەردەفتەرەکە بەرز کاتەوە گوتی: (شتێکی وای نەماوە نیوسەعاتێك).

چایەکەم هەڵقوڕاند و هەستام لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرێم کرد. خوارەوەی حەوشەکە، شوێنی پایسکلەکان بوو هێشتاش- هەروەك ساڵانی پێشوو- هێندەی پایسکیل لێی بوو لە سەرانسەر میلەکەوە و دەوروبەری لە پەنایەك هەڵچنرابوون. تەواوی حەسارەکە بەگەڵای زەرد ڕاخرابوو. بەدڵنیاییەوە هەر ئەوڕۆ بەیانی فەراشەکان گەسکیان لێداوە. بەڵام هەرزۆر زوو ئەوهەموو گەڵایە هەڵوەریون. هەموو بەیانییەکی پاییز کە زووتر دەهاتینە قوتابخانە. دەمانبینی فەڕاشەکان خەریکن گەسك لە حەسارێ دەدەن و هەر ئەو کاتە و لە پشتەوەی ئەوان، گەڵا دیسان هەڵدەوەری، و ئەو گەڵایانە بۆ گەسکردنی دواتر لەسەر ئەرزەکەدەمانەوە و زۆر گەڵاش هەبوو کە دەمەو دەست دەکەوتە بەرگسکی فەراشەکان.

کەوتمە بیری ئەوە کە سوراغیکی گۆڵچین لە دەفتەردارەکە بکەم. ڕەنگبی گوتبم: (ئێوە ئاغای گۆڵچینتان دەناسی؟)



سەری هەڵێنا و سەیرێکی کردم. چاوێلکەی لە چاودابوو و دەموچاوێکی باریکی هەبوو و برێکی ڕیش هێشتبۆوە. گوتی: ((ئێوە مەگەر ئیشتان بە ئاغای ئیلیچی نەبوو؟))

(بەلێ، کارم بە ئاغای ئیلیچییە، بەڵام پێم وابوو دەیانناسن چونکە لە قوتابخانەی پەنا ئێوە دەرسم خویندووە لێرەش دواناوەندیم تەواو کردووە.)

(ئێ؟ کەوایە قوتابی کۆنی ئێرەی؟ نێوت چیە؟)

ناو و فامیلیەکەمم گوت. وەبیری نەهاتەوە. گوتم (بەڵێ، ئاغای ئیلچی لە قوتابخانەی ئێمە بوون و مامۆستای ئێمەش بوو. ئاغای گۆڵچینیش لەوێ بوون. ئاغای گۆڵچینیش مامۆستای پۆلی پێنجەم بوون کە ئێستا بوونەتە مامۆستای ئێرە).

گوتی: (بەڵێ. چەندانە لەمامۆستاکانی ئەو قوتابخانەیە ئێستا لێرە دەرس دەڵێنەوە. ئەوکاتەی لەوێ بوون بەکالۆرۆسیان نەبوو بە خۆیان هاوکات لەزانکۆش دەرسیان دەخوێند بەڵام پاش تەواو بوونی دەرسەکانیان هاتنە ئێرە و بوونە مامۆستا. ئاغای گۆڵچینیش یەکێك لەو مامۆستایانە بوو کە ماوەیەکی کورت لێرە وانەی وتەوە. )

(ئاغای گوڵچین یان ئیلچی؟)

(هەردووکیان پێکەوە هاتنە ئێرە)

(کەوایە ئێوە ئەو دەناسن؟)

(ئاغای ئیلچی چی ؟) - (نا ئاغای گوڵچین) - (بەڵی) - (ئێستا لێرەیە) - (لێرە بوون ) - (ئیستا لێرە نەماوە؟) - (نا)

ـ (له کوێ دەتوانم بیدۆزمەوە؟)

دەفتەردارەکە قەڵەمەکەی داناوە پاڵی بەکورسییەکەوەدا و گوتی ـ (کەوایە ئێوە نەتان بیستووە؟) ـ (چی) ــ (رۆژنامەکانیش نووسییان) ــ (کام رۆژنامە؟) ـ (رۆژنامەی ئیسفەهان) ـ (من چەند ساڵە لێرە نیم ) ـ (پێم وابێ کەیهانیش نووسی) ـ (چیان نووسی؟) ـ (کەخنکا) ـ (لەکوێ؟) ـ (هەر لێرە لەو چۆمەی خۆماندا) ــ (کەنگێ؟) ـ (نزیك دوو ساڵ لەمەوبەر) ـ (هەر ئەوەندە نووسییان خنکا؟) ـ (بەڵێ جەنازەکەیان نزیك ورزەنە لە ئاو دەرکێشان دەرێ. دیار نەبوو ئاو تا ئەوەێ بردوویەتی یان بەخۆی بۆ مەلە چۆتە ئەوێ . چونکە ئیشی وای زۆر دەکرد . هەر جارێ دەچووە جێگایەك. بەڵام زۆر سەیر بوو. کابرایەکی مەلەوان بۆ دەبێ لە رووبار دا بخنکێ؟) ـ (مەلەوان بوو) ـ (گوتت مامۆستامان بوو؟) ـ (بەڵێ مامۆستامان بوو، لە پۆلی چواری سەرەتایی) ـ (ئەی بۆ نازانی کەمەلەوان بوو . پاڵەوانی مەلەی ئیسفەهان بوو . چەند کاپیشی بردبۆوە. بۆیەش هەواڵی خنکانەکەیان لەنێو رۆژنامەکاندا نووسی) ـ (نەم بیستووە) (بەڵام خۆ لەو چۆمەدا خۆ مەلەش ناکرێ . دەبێ لێرەش هەر پرژە پرژ بکەی. نازانم ئەوە چ هۆگرییەك بوو ئەو کابرایە بەو چۆمەی هەبوو. ئەو هەموو مەلەوانگە باشەی بەجێدەهێشت و دەچۆوە ئەو چۆمە. زۆر کەس وایە).

ئەگەر خەڵکی ئاسایی ناتوانن و دەستیان بە مەلەوانگە باشەکان راناگات. خۆ بۆ ئەو کە پاڵەوانی مەلە بوو وانەبوو. زۆر کەس لە هاویندا لەو چۆمەدا دەخنکێن. بەڵام وەك گۆڵچین بەنێوبانگ نین و ناویان لە



رۆژنامەکاندا نانووسرێ. هەژارانە، شوێنێك نیە تێدا مەلە بکەن. ئەو مەلەوانگە گشتییانەش خۆ هاوینان بێتام بوون. ـ نازانم بینیوتانە یان نا ـ بۆ پرژە پرژ و خۆ تەڕکردنیش نابێ. ئەو چۆمەش ئاوێکی وای نییە. بەڵام پڕلە تەندورە دەتزانی؟ گوتم : (بەڵێ بیستومە).

چەندجارێ دیکەش گوتیەوە(پرە لەتەندور) ئاخێکی بەرزی هەڵکێشا و سەرێکی بادا. هەستامە سەرپێ و گوتم: (سەبارەت بە چاییەکەش زۆر سوپاس) گوتی مەگەرناڵێی کارم بە ئاغای ئیلچییە؟ گوتم (نا) هاتمە دەرێ. لە یەکێك لە کلاسەکانەوە دەنگی تەکبیر دەبیسترا ـ یەك دەنگ و بەرز. ئیتر نەمدەتوانی لە ئیسفەهان بمێنمەوە. حەوت مانگ دەبوو کەلەوی بووم و ئیتر بەسم بوو. بۆ خەوتن دەچومەوە ماڵی خەسوو و خەزورم و بەدرێژایی رۆژ لە شەقامەکاندا دەسوڕامەوە. کەمتریش سەردانی دوکانی باوکم ـ کە ئێستا فرۆشگای زایەندە روودەم دەکرد. چونکە هەر کاتێك دەچووم لەجیاتی مێز شووشەکە، مێزە دارەکەی باوکم و لەجیاتی خێزانم و ژن براکەم باوکمم دەدیت. یەك دەقەش نەمدەتوانی لەوێ بمێنمەوە. هەڵدەهاتم بە کۆڵان و شەقامەکانەوە. دەچوومە نێو هەر کۆڵان و شەقامێکەوە لە پەنا چۆمی خۆم دەبینیەوە . دەیان جار لەبەردەم قوتابخانەکەی رابردووم و لەگەڕەکە کۆنەکەمان و لەپەنا گەمێ ماتۆرییەکە و بەسەر سی و سێ پرد و پردی خاجوودا تێپەڕیم تەنانەت جارێك چووم بزانم پردی شارستان چی بەسەرهاتووە. هیچ نەگۆڕابوو. هەروا پردێکی رووخاو بوو. ئەو دالانانەی کەلە خەونەکەمدا بەساغی بینی بوومن هەروا

رووخا بوون. لە هەمووشتێك خراپتر رووبارەكە بوو. لە هەر شەقامێكەوە كە دەمزانی لە چۆمەكەوە دوور دەكەوێتەوە تێپەڕ دەبووم. دیسان دەمبینی گەیشتوومەتەوە رووبارەكە زۆر جار پێم وابوو چۆمێكی دیكەیە. بەڵام چۆمێكی دیكە لەو شارەدانییە. یان پێم وابوو جۆگەلەیە. بەڵام كە دەچوومە پێش دەمبینی هەر زایەندە روودەكەی خۆمانە. پاشان دەمگوت ئەو چۆمە بە دەوری شاردا سووڕاوەتەوە بۆیە بەهەر دێتە بەرچاوم. بەڵام خۆ نەمدەتوانی كڵاو لەسەر خۆم بنێم. من منداڵی ئەو شارەم و دەزانم. چۆمە كە چەماوەتەوە بەڵام ئەوەندە نییەكە شارەكە لە ئامێز بگرێت. وردە وردە وەڕەزی دەكردم. لەخەو و بەخەبەری دا لەگەڵم بوو. چارەیەكم نەبوو بێجگە لەوەی كە لەدەستی رابكەم.

رۆژی دواتر كە بریارم دا بگەڕێمەوە تاران. لە خەونمدا چوومە خەیاتییەكەی باوكم. لەسەفەری تاران گەڕابوومەوە جانتای سەفەرم بەدەستەوە بوو. باوكم لەپشت مێزەكە ڕاوەستابوو خەریكی كاركردن بوو. مقەستەكەی لەسەر مێزەكە دانا و دەستی هێنا پێش و یەكترمیان ماچ كرد.

گوتی: (كوڕە ئەوە لەكوێی؟ دیارنی. زۆر درەنگ درەنگ دێیەوە. تاران چ باسە؟) گوتم: (وەڵڵا هیچ باسێك نییە) گوتی: (تۆ ناگۆڕدرێی، نازانم چ خراپەیەكم بۆ تۆ بووە ئاوام لەگەڵ دەكەی، ئەوە لەدایكت و ئەوەش لەتۆ). ئاخێكی بەتینی هەڵكێشا ـ لەو ئاخانەی لە فیلم و لە چیرۆكەكاندا هەڵیدەكێشن ـ دوایە گوتی: (ئەو بووكەم لە هەمووتان دلۆڤانترە. ئەگەر ئەو بووكەم نەبوایە دیقم دكرد. رۆژ و شەو لەگەڵ منە. لێرە نابزوێ.



خەیاتیكەشی باشە. لەو شارەدا كەس بەقەدر ئەو شارەزانییە. بەڵام تاكەنگێ بەتەنیا هەڵبكات؟ ناسلامەتی گەنجە و تازەش زەماوەندی كردووە. هەزار ئاواتی هەیە. پێیخۆشە لەگەڵ مێردەكەی بێ و پێی رابگات. ماڵ دانێت. بەڕاستی ناكات لەتاران ژنت هێنابێت؟ ئەگەر وات كردووە پێم بڵێ. گیانی من. با ئێمەش تەكلیفمان روون بكەینەوە.) زۆری قسە كرد و لەنێو قسەكانیدا جاری وابوو پێدەكەنی، چاوی دادەگرت و برۆكانی دێنا سەرێ و خوارێ. تا ئەو كات نەم بینی بوو هێندە قسەبكات ئەویش لەخەونمدا.

كاتێ وەخەبەرهاتم. نزیك نیوەڕۆبوو. باوكم هێندەی قسەی كردبوو هێندەی نەسیحەت كردبووم. نەیهێشتبوو خەبەرم بێتەوە ئێستاش خێزانم چووبوو دوكان و نەم دەتوانی خەونەكەمی بۆ بگێڕمەوە. هەرچەند ئەو خەونەم پێ خۆش نەبوو پێم خۆش بوو زوو لەبیرم بچێتەوە. تەنانەت تووڕەی كردبووم. نەك بۆ گێڕانەوە، بەڵكو بە تووڕەییەوە، جلەكانم لەبەر كرد و یەكسەر چووم بۆدوكان.

باوكم و خیزانم لە پشت مێزەكە راوەستا بوون و ژن براكەشم لە پشت دەخڵەكە بوو. خێزانم خەریك بوو ئیشی چەند كڕیارێكی جێ بەجێ دەكرد. باوكم بزەیەكی كرد و داهاتەوە تۆقەم لەگەڵ بكات. بەڵام من گوێی خۆم لێ خەواند. چووم لای خێزانم چاوەڕێ مامەوە تا كڕیارێكان بڕۆن (هەرزۆر زوو كارەكەیان وەگەڕكەوتبوو تا دەچووم چەند موشتەری لێبوو) ئەو جار رووم كردە خێزانم و گوتم: (پێم بڵێ لە ژیانت رازیت یان نا؟)

خێزانم سور هەڵگەڕا. چاوێكی لەم لا و ئەولاكرد و بە پارێزەوە گوتی (دەی روونە كەڕازیم. مەبەستت چیە؟)

حەق بەوبوو پێی سەیر بێـت. چـونکە ئیمـە قـەت قـسەی زل زلـان لەگەڵ یەکتر نەکردووە ئەویش لەبەر چـاوی خـەڵکی زۆر نارەحـەت بـوو برێکیش ترسابوو.

لێی پرسیم (چیت لێ بەسەر هاتووە؟) گوتم (چاولێکە ئەگەر بە جۆرێك لێم زیزی یان دڵمەندی پێم بڵێ ) گوتی: (من لەتۆ دڵمەندنیم).

(بۆ دڵمەندنی؟ لە منێك نە کاردەکەم و نە بەتەمای ماڵ پێکـەوە نـانم دڵمەندنی؟) ـ (نا) ـ (ئەی بۆ لە لای ئەو پیاوە پیرە قسە دەکەی؟).

ـ (کام پیاوە پیر؟)

دەستی باوکمم گرت و خستمە نـاو دەسـتی خێـزانم و گـوتم (چـاولێکە خۆت لە گێلی مەدە باشە؟ ئیتریش لە لای ئەو جاسوسیم لێ مەکە).

دیسان خیزانم سوور هەڵگەڕا و فرمێسك لە چـاوانی قـەتیس مـابوو و لەبن لێوەوە گوتی: (باشە).

گوتم: (من حەز لەو جۆرە کارانە ناکەم. لەو شارەشدا وەختە دیق بکەم. دەچمە تاران. لەوێ کـارێکی بـاش دەدۆزمـەوە و ئـەو دوکانـە دەفرۆشـین دەچینە تاران باشە؟).

گوتی: ـ (باشە) گوتم: (هەرکاتێك کارم دۆزییەوە ئاگادارت دەکەمەوە) کاتێك لە دوکانەکە هاتمە دەرێ هۆڕ هۆڕ دەگریا.

دوا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بەپاس کاتێك وەڕێکەوتم کەشەوێ لە تاران بم.

## بەشی شازدەهەم

له تەواوی ئەو ماوەیەی کە من مێردی خێزانم بووم ، تەنانەت بۆ جارێکیش دەستم لێنەدا. چونکە کچە پووری رابردووم بوو من قەت لەپێشەوە وەك کچێکی ئاسایی خۆشم نەویستووە و هەموو کاتێك لە دوور را وەك ئیلاهەیەك خۆشم ویستووە حەزم دەکرد ببێتە خێزانم نەمدەویست دەستی لێبدەم. بەڵام هەموو کچەکانی گەڕەکەمان و هەموو کچەکانی گەڕەکەکانی دیکە و تەواوی ئەو کچانەی دیتوومن و نەمدیتوون بۆ من جۆریکی دیکە بوون زۆر سەیر بیرم لە کچەکانی گەڕەکی خۆمان و هەموو کچەکانی ئیسفەهان و تەواوی کچەکانی تاران و تەواوی کچەکانی دنیا و چ ئەوانەی دیتوومن و چ ئەوانەی نەم دیتون دەکردەوە حەزم دەکرد لەگەڵ یەکێك لەوانە زەماوەندم کردبایە، لەوانەیە زۆر زیاتر ژیانمان پێکەوە کردبایە ورەنگبێ دە منداڵیشمان ببوایە هیچ کامیان لە باوکم نە چوبایەن.

بەڵام من دڵنیابووم منداڵی من و کچە پوورەکەی رابردووم رێك لە باوکم دەچێ. خەزوورم لەنامەیەکی خۆش خەتدا کە مانگێك پاش ئەوەی لە ئیسفەهان رۆیشتم بە دەستم گەیشت نووسی بووی:



( ئاواتم بوو لە کچەکەمەوە نەوەیەکم هەبێ ) ئەو رستەیە منی وەبیر باوکم دەخستەوە وەبیر ئەوی خستمەوە بەڕاستی هەموو کەسێك ئاواتێکی هەیە و منیش دەبێ ئاواتێکم هەبووبێ بەڵام ئاواتی من چی بووە بیرم لێ کردەوە و گوتم ئاواتی من ئەوە بوو کە باوکم بمرێ. ئیستا مردبوو هیچ ئاواتیکم نەبوو. خەزوورم نووسی بووی. ( بەهەزار ئاوات و ئارەزووە کچەکەمان دابە کوڕی پیاویك کە بە درێژی تەمەنی لەو شارە بە عارەقی نێو چاوانی و خەیاتی کردن بە شێوەیەکی پیاوانە ژیانی کرد. پێمان وابوو کوڕەکەی ئەویش رێگەی باوکی دەگرێتە بەر و بە عەشق و خۆشەویستییەوە ژیان دەکات و داهاتوویەکی پڕ لە بەختیاری بۆ خۆی و خێزان و منداڵەکانی دەرەخسێنێ. بەڵام مەخابن بەهەڵە چووبووین).

پاش ئەو قسانەش، دووگیان نەبوونی ئەوی بەسەر مندا هێنابوو و لە کۆتاییدا زۆر بەرێزەوە داوای لێ کردبووم ئەزیەت بکێشم کچەکەی تەڵاق بدەم. هەرچەند دوکانەکە بەناوی مارەیی کچەکەی نووسرابوو، بەڵام چونکە کچەکەش گیانی نەهێنابوو (چونکە ماڵمان نەبوو) ئەویش حازر بوو لە مارەییەکەی خۆش بێ و رزگاری ببێ. بەڵام چونکە هەم کچەکەی و هەم کورەکەی ئوگرییان بەو دوکانە هەبوو حازر بوون بە نرخێکی شیاو بیکڕنەوە و بۆ ئەو کارانەش پێویست بوو من سەفەرێکی ئیسفەهانم بکەم.

## بەشی هەڤدەهەم

حەوتوویەك پاش ئەوەی کە گەڕامەوە تاران، سەرێکی کتێبفرۆشەکەمدا. فرۆشیارە نوێیەکەی پاش دەرکردنی من هێنابوویان لەوێ نەمابوو و دەرکرابوو. بەڵام بێ ئیشی بوو و پێویستیان بە فرۆشیاری دیکە نەبوو رەئیسی کتێبفرۆشییەکە چایی بۆ هێنام و وەك هاوڕییەکی دێرین قسەی لەگەڵ دەکردم و گوتی ئیتر کتێبی دەرسی نافرۆشێ، چونکە قازانجی نییە و بازاری کتێبەکانی دیکەش خەوتووە. چونکە شەڕە و ماوەیەکە بەهەڵکەوت کتێبێك چاپ و بڵاو دەکرێت و کەسیش ئەو کتێبانەی چاپ کراون و مابوونەوە ناکرێت (کێ پارەی کتێب کڕینی هەبوو؟ هەموو پارەکە سەرفی زگ دەکرا) گوتی : (بەخۆمان زیادین) مەبەستی خۆیی و دووفرۆشیارەکەی دیکە بوو. دەیگوت (کۆا کڕیار؟) و بەراستیش لەو ماوەیەی لەوێ بووم کەس بۆ کتێب کڕین نەهات.

گوتم ژنم هیناوە و بڕیارە هەرکاتێك توانیم ژیانێکی ئاسایی پێکەوە بنێم خیزانیشم بێنمە تاران. رەئیس زۆری پێ خۆش بوو و نەسیحەتی کردم وتی پیاو دەبێ ژنەکەی خۆی خۆش بوێ و لەبەر ئەو تاڵییەکانی ژیان



قەبووڵ بکات و گوتی: خۆشم خێزان زۆر خۆش دەوێ ماوەی سێ ساڵە ژنم هەیە و لە ژیانیشم زۆر رازیم.

پاشان ئەو شیعرەی بۆ خوێندمەوە:

**چێژی ئەم دنیا ژن و ددانە**

**بێ ژن و ددان جیهان زیندانە**

بەرێزەوە لەگەڵ من قسەی دەکرد و بە منی دەگوت (ئێوە) لە کاتێکدا پێشتر پێ دەگوتم (تۆ). ئەوەش یەکەم لەبەرمەرگی باوکم بوو، دوایەش ژنم هێنابوو و پاشان هەر بەخۆی دەری کردبووم. کاتێك بەتەمابووم بڕۆم. تا بەر دەرکە لە گەڵم هات و گوتی: هەر کارێکم بوو لەخزمەت دایە و پاشان گوتی کاتت کرد سەردانمان بکە گوتم: (باشە).

پاش ئەوەی کە نامەکەی خەزوورم بەدەستم گەیشت بەتەمابووم بگەڕێمەوە بۆ ئەسفەهان، چوومە لای و پێم گوت: (بەتەمام بچمەوە بۆ ئیسفەهان) نەمگوت دەچم خێزانم تەڵاق بدەم. بەس گوتم (یەك دووڕۆژم پێدەچێ و دەگەڕێمەوە ) ئەو رۆژە یەك دوو کڕیاری هەبوو و رەئیسیش زۆر خۆمانە بوو. نەچای هێنانە نەسیحەتی کردم و نەشیعری بۆ خوێندمەوە، گوتم (باوکم مردووە) گوتی (پێشتر گوتبووت) گوتم (دەزانم ، بەڵام ئەوکات کە مردبوو پێم نەگوتی و دواتر پێم گوتی ) گوتی (لە بیرمە) ـ (ئەو کات گوتم یەك دوو رۆژم پێدەچێ و نەمگوت باوکم مردووە) ـ(دەزانم . دەزانم. لە بیرمە. باشە. بۆباست نەکرد؟) ـ (نازانم بۆچی ، لەوانەیە لەبیرم نەبووبێت) ـ (گرینگ نییە . ئیستا کەرابرد. دوایەش ئەگەر ئەوەش نەهاتبایە پێش. تۆ ئەو دەمەش هەردەبوو بیر لەکارێکی دیکە بکەیەوە.

چونکه کاسبی بەرەو کزبوون دەرۆیشت ) ـ (کەوایە منت بە شێویەکی کاتی هێنابوو ! تەنیا وەرزی فرۆشی کتێبە دەرسییەکان)، گوتی (وایدانێ، دەی مەبستت چییە؟) مەبستێکم نەبوو. لەسەرەتاوە دەمزانی بەشێوەیەکی کاتی منی وەرگرتبوو. ئەوەی کەباوکم مردووە و پێم نەگوتووەش تەنیا بیانوو بوو.

تەڵاقەکە باش بەرێوەچوو. دوکانی (زایەندەروود) بوو بەئی کچە پوورم و خێزانی پێشووم . تەنیا برێکیان پارە لەمەڕ جیاوازی نرخی پارەکە تا ئەو ساڵ پێدام.

## بەشی هەژدەهەم

نامەیەك لەلایەن بنەماڵەی خێزانی پێشوومەوە گەیشتە دەستم کەساڵ وەگەڕی مەرگی باوکم نزیکە و بیریان هێنابوومەوە ئەو ڕۆژە بگەڕێمەوە ئیسفەهان. کاێتك نامەکە بەدەستم گەیشت. شەوێکی بۆ ساڵەوگەڕی مەرگی باوکم مابووە منیش نەخۆش بووم. هێندە نەخۆش بووم کە ئەگەر بشمویستایە نەمدەتوانی بچمەوە. تازە ، ئیتر درەنگ ببوو. یان نامەکەیان درەنگ ناردبوو یان درەنگ گەیشتبۆیە . نامەکەش ڕێکەوتی پێوە نەبوو.

شەوێ کە گەڕامەوە وەماڵێ. نامەکەم بینی . ئەوەشم نەدەزانی ڕێورەسمەکە شەوێ، بەرێوەی دەبەن یان سبەینێ بەیانی . بەڵام زۆر پێی تێك چووم . پاش نانی شەوێ ، کاتێك خەشایارو حەمید نووستن . وەك شەوەکانی رابردوو چوومەوە مەتبەغەکە و گڵۆپەکەم پێکرد و دانیشتم دەست بەنووسین بکەن. بەڵام نووسینم نەدەهات. سەرم لە گێژەوە دەچوو. تاوم هەبوو . شەوی پێنجەم بوو کە بەخەر بووم. بەرۆژدا ـ لەبەیانییەوە تاشەوێ ـ لەنێو شەقامەکاندا دەسووڕامەوە . و ئێوارەی ئەو ڕۆژە، کە سەردانی ڕەئیسەکەی پێشووم کرد و پێم گوت شەوانە خەریکم چیرۆکێك دەنووسمەوە و ئەویش گوتی هەر کاتێك تەواوتکرد، پێم بدە با بیخوێنمەوە ئەگەر باش بێ دەیدەم بە چاپخانە، چاپی بکەن . ئەو بە خۆی جار جار کتێبی چاپ دەکرد ـ ئەگەر حل المسائل و کتێبی فێرکاری و لەوشتانە ـ سەنتەرێکی چاپەمەنی دۆستی بوو. بەڵام بە بڕوای خۆم، بەدوورم دەزانی کەسێك ئەو شتانەی من بخوێنێتەوە و پێی خۆش بێت.

ئەوشەوە، هەموو ئەوشتانەی ئەوماوەیە نووسیبوومم خوێندەوە بینیم زۆربەی ئەوشتانەی دەمەویست بنووسم نووسیمە و ئێتر هیچ نەماوە. هەستام و بڕێکم پیاسەکرد. بیرم لەباشی و خراپی کارەکەی خۆم کردەوە. بینیم لەخۆڕاوەیە. یان لانی کەم ئێستا کاتی بیرکردنەوە نییە . زوو بوو. ویستم خۆم لە هەموو فکر و خەیال و ئەو شتانەی دەبێنرێ و دەبیسترێ و بۆن دەکرێ و هەست پێدەکرێت بەتاڵ کەمەوە. ئیدی بەسمە . بێ خەوی ئەو چەند شەوە تەواو شەکەتی کردووم.

## بەشی نۆزدەهەم

دەنگێك لە پەنجەرەكەوە هات و كراوە. بایەكی سارد هاتە ژووریَ. بۆ ساتێك وشك هەلاٌتم و چاوەڕێ بووم كەسێكیش لەگەلٌ بایەكە بێتە ژووریَ بەلاٌم بینیم وەختە لەسەرمان رەق هەلٌێم. دەسكی پەنجەرەكە بەستبووی و پەنجەرەكەش بەهۆی توندی بایەكەوە بەزەحمەت داخرا. دیسان دەنگێكی لیَ هات و دەسكەكە لەنێو دەستم دا لەرییەوە. ئەها، ئیستا كیپ بوو. بەلاٌم دەنگێك هات و ترسام كوڕەكان وەخەبەر بێن. گلۆپەكەم كوژاندەوە و لەپەنا پەنجەرەكە دانیشتم كەئەگەر دیسان كراوە، قەپاتی كەمەوە.

چونكە دیسان دەنگی لێوەدەهات و دەتگوت ئێستا دەكرێتەوە. هەر ئەو دەقیقەیەش دەنگێك لەژێر قاچەكانم وەهات و بیرم كردەوە ناكا قالۆنچەكانم فلٌچ پان و كردبێتەوە و بەتەمابووم گلۆپەكە پێكەم تاچیتر لەو تاریكییەدا قالۆنچە نەكوژم. لەپڕ لەپڕدەنگی پێكەنین هات و كەسێك درگاكەی كردەوە. بینیم كار لەكار ترازاوە یەكێك لە كوڕەكانی تازە پێی زانیم. خۆزگەم دەخواست خەشایار بیَ، چونكە حەمید زوو دەستی دەكرد بەگالٌتە جاڕی و ئەو قسە و تەشەرانەی بە خەشایاری دا دەدا بەمنیشی دادەدا و منیش پێم



خۆش نەبوو. بەلاٌم چارەیەكم نەمابوو هەركەس بوو ئێستا دەركەكەی كردبۆوە و خەریك بوو دەهاتە ژووریَ. جوان سەیرم كرد بینیم لەنێو تاریكییەكەدا سێبەری باوكم دیارە. گوتم ئەی هاوار دیسان خەریكە خەون دەبینم. بەدەنگیكی بەرز گوتم (ئەو گلۆپەی تەنیشت خۆت پێكەوە).

هەر كام لە هاومالٌەكانم بوایە بەداگیرسانی گلۆپەكەم ئاگادار دەبوومەوە. بەدەستەكانی بڕێك لەسەر دیواری پەنا دەركەكە گەڕا و ئاخری گلۆپەكەی داگیرساند بەروونی بینیم باوكمە. كەوا پانتۆلٌە ئوتوكراوەكە و كراسە بیَ قۆلٌەكەی لەبەردابوو. ردینی پاك پاك تراشی بوو پرچەكانی تەواو سپی ببوون. لەبەردەركەی مەتبەخ روو بەمن راوەستا بوو و زەردەخەنەیەكی هاتبووە سەر لێوەكانی. هەر لەو رۆژانە دەچوو كە دەچووینە قەراغ رووبارەكە.

گوتم (سلاٌو) گوتی (لێرە خەریكی چی؟) گوتم (پەنجەرەكە كرا بۆوە هاتم دایخەم) گوتی (ئێرە ساردە. سەرمات دەبیَ ) گوتم(تاوم هەیە زۆر نەخۆشم) گوتی (شتێك لەبەر بكە سەرمات نەبیَ) گوتم (باشە).

گلۆپەكەی مەتبەغی كوژاندەوە چووینە- ژووریَ. گلۆپی ژوورەكە دایسا. جیگا و بانەكە لەگۆشەیەكی ژوورەكە لەسەر یەك هەلٌچنرابوون- خەشایاریش لەسووچێكی ژوورەكە دانیشتبوو خەریك بوو گۆرەیی لەپیَ دەكرد و حەمیدیش لە گۆشەیەكی دیكە، لەبەرامبەر ئاوێنەكە خەریك بوو قژی دادێنا.

سفرەیەكیش لەناوەندی وەتاغەكەدا راخرابوو و وركەنان لەسەری بلاٌو ببۆوە و چەند پەرداخ چای خوراوە و نەخوراوە و دەورییەك كە پەنیری لەسەر بوو ئەوە سفرەی نانی بەیانی بوو كە تازە خواردبوومان.

باوکم منی دانیشاند و بەتانییەکی پێدادام و گوتی (جوان خۆت داپۆشە) بەتانییەکەم لە خۆم هالآند و بەخاشایارم گوت: ( تۆ باوکی منت بینی بوو؟) خەشایار سەرێکی هەڵێنا و بزەیەکی کرد و گوتی: (بە خۆت بەخێرییەوە). حەمیدیش ئاوڕێکی دایەوە و پێکەنی. باوکم لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو و پاڵی بە دەستە نوێنەکە دابوو.

گوتم (حەمید تۆ چی؟ تۆ باوکی منت بینی بوو؟) حەمید گوتی: (من؟ کوڕە دەڵێی لە خەودای) ـ (بۆ؟) ـ بۆ؟ (ئەو قسانە ئی کابرایەکی بەخەبەر نین) دیسان پرسیارم کرد؟ (بۆچی؟) ئەوجار خەشایار گوتی (بۆ چی ناوێ، باوکت سێ چوار رۆژە لێرە میوانمانە) باوکم گوتی : (بڕێك زیاتر، دوێنێ شەوێ پێنج شەمە بوو). حەمید گوتی: (بێجگە لەوە من لە منداڵییەوە باوکت دەناسم. دراوسێ بووین) گوتم: (بەڵێ، راستە) حەمید گوتی: (لەو کاتەوەی کە لە تارانیشم، تا چووبێتمەوە ئیسفەهان بەخزمەتی گەیشتووم ) باوکم گوتی (رێزت هەیە). حەمید گوتی: (لەبیرتە دووساڵ لەوەو پێش هاتینە خزمەتتان من باش لەبیرم ماوە.) باوکم گوتی: (لەکوێ؟ ) ـــ (لەئیسفەهان و دوکانەکەی خۆتان )ـ (دەی؟) ـ (دانی بەیانی بوو. ئێوەش خەریکی کارکردن بوون و پاشان بڕێکیشت قسە بۆکردین) باوکم پرسیاری کرد (چیم گوت؟) ـ (گوتت قەت ژن مەهێنن) باوکم پێکەنی. خەیاشار بەحەمیدی گوت: (خۆت خەریکە ژن دێنی! ) باوکم گوتی: (لەوانەیە ئەوە بووە ـ ژن و هەژدیها) حەمید گوتی: (بەڵێ خۆیەتی) خەشایار گوتی: (دەکرێ هەموو شیعرەکەمان بۆ بخوێنیەوە) باوکم گوتی:



**ژن وەك هەژدیها بۆ مردن باشە**
**جیهان پاك دەبێ لەو دوو ناباشە**

خەشایار نووسییەوە. حەمید گوتی: (دواتر- دواتر گوتتان دۆ زۆر بخۆنەوە.) بەتایبەت پاش نان. (گوتتان دۆ تەمەن درێژ دەکات).

خەشایار گوتی: (دۆ خەو دێنێ) حەمید گوتی: (هەروەها لە بیرمە گوتتان قەدری گەنجایەتی خۆتان بزانن. مرۆڤ پیر بوو کەڵکی نامێنێ).

باوکم گوتی: (وەڵڵا ئەوە راستە، وایە) حەمید گوتی: (پاشان گوتتان مرۆڤ تا سەرەو سی چل ساڵی بەرەو سەرەو لێژی دەڕوا بەڵام پاشان دەکەوێتە سەرەو ژێری ) پاشان گوتتان ئێستا لەسەرو ژێری دام.

من پرسیارم کرد (باوکە ئێستا لەکوێی؟ دەتوانی پێم بڵێی؟) باوکم گوتی: (ئێستا؟) بڕێکی بیر لێکردەوە و گوتی: (ئێستا لە رێگەیەکی تەخت دام . نە سەرەو لێژییە و نە سەرەو ژێری).

حەمید گوتی: (حەزت دەکرد هەر لەسەرەو لێژییە دابوایە. تەنیا سەرەو لێژی) خەیاشار جلەکانی لەبەرکردبوو و خەریك بوو ئەو قسانەی دەنووسییەوە.

## بەشی بیستەم

هەستام چوومە مەتبەخ، دەمەویست خۆم وەخەبەر بینم. تیشکی بەیانی هاتبووە ژووریٚ کزەی بەیانیش هەروەها، پەنجەرەکەش کرابۆوە. کیپم کردەوە. گوتم خودایە شوکر کە لەو شێتخانەیە رزگارم بوو؟ من لەخەون دیتنیشدا شارەزاببووم . دەمزانی هاتنی بەیانی هێمای وەخەبەر هاتنە ـ وەك ئاوی سارد، وەك میز. کاتیٚ گەڕامەوە ژوورەکە . هێشتا گڵۆپەکە هەرپیٚ بوو ژوورەکەش رووناك بوو بەڵام بەقەدەر مەتبەخەکەنا، بەڵام رووناك بوو. هێشتا هەر سێکیان دانیشتبوون و سفرەکەش هەروا لە گۆریٚ بوو. خەشایار خەریك بوو شتی دەنووسی. وەکۆخە کەوتم. باوکم گوتی: (چ نییە. چاك دەبیەوە. خۆت جوان داپۆشە). گوتم: (زۆر نەخۆشم ، وابزانم هەڵامەتم گرتووە ). باوکم گوتی: (ئاگری گەنجی هەموویان چاك دەکاتەوە ). دانیشتم و دیسان بەتانیەکەم لە خۆم هاڵاندەوە. حەمید گوتی: (کوڕەکان زۆر سپاسی گەورەیەتیان کرد . ئێمە ماوەیەك لێرە دەمێنینەوە دوای لە دەرفەتیکدا شوێنیکی باشتر و گەورەتر دەدۆزینەوە).



گوتم: (گەورەیی چی؟ ) گوتی: (گەورەییتان کرد. لەو رۆدا شوێن بۆ کەسە دەست ناکەوێت. بەتایبەت بۆ دووکەس کە تازە زەماوەندیان کردبیت. زۆر ئەستەمە. تۆش لە ئیسفەهان گەڕاوی. دەزانی چەند زەحمەتە).

گوتم: (من تیٚ ناگەم باسی چی دەکەی، حەمید پێکەنی (دەڵێی لەبیرت چۆتەوە) پاشان ئاوری داوە بزانیٚ خەشایار و باوکم پێدەکەنن یان نا.) ئەوانیش سەیریان کردم و پێکەنین و گوتم (گاڵتەم پێدەکەن) حەمید پێکەنینەکەی تەواو کرد و گوتی: (راوەستن با پییٚ بڵێین لەوانەیە هێندەکەم هۆشە لەبیری چوو بێتەوە) پاشان رووی کردە من و گوتی: (جوان گوێی بدەیە! تۆ لەگەڵ باوکت دەچیەوە بۆ ئیسفەهان. خەشایاریش بریاری داوە باقی شیعرەکەی لە ماڵی خۆیان بنووسیٚ و من و خێزانیشم لێرە بژین).

باوکم گوتی: (بەسەلامەتی ، خەشایار گوتی: (دەبیٚ بیرێکیش بۆ ئەو قالۆنچانە بکەیەوە)). باوکم گوتی: (ئێوە هەموو کاتیٚ ئەو هەموو قالۆنچەیەتان هەبووە؟)

حەمید گوتی (نا، ئیستا خۆ وەرزی قالۆنچە نییە، بەڵام لەو ئاپارتومانە کۆنانەدا ئیدی) خەشایار گوتی: (ماوەیەك بوو قالۆنچەمان نەبوو. هاوینان قالۆنچە لە هەموو شوێنیك هەیە. بەڵام هەوا کەساردی کردـ) چاوێکی لەحەمید کرد و بەپاریزەوە گوتی: (راستییەکیت دەویٚ، چەند شەوێکە وەدیار کەوتوون) باوکم گوتی: (چەند شەوە ؟ دەی بڵیٚ لەوەتەی تۆ هاتووی دەبینرێن و ئا.) هەرسێکیان دایان لە قاقای پێکەنین. حەمید گوتی: (قالۆنچەکان بەمن بسپێرن ئێوە کەڕۆیشتن من بەخزمەتیان

دەگەم) من گوتم: (بەڵام من نارۆم ) حەمید گوتی: (نارۆی؟) باوکم گوتی: (چارەیەکتان نییە کوڕی خۆم دەبێ ئاشت ببنەوە. منیان لەئیسفەهان ناردۆتە بەدواتدا ). کارێك مەکە رووزەردیان بم. گوتم : (من لەگەڵ خێزانم ئاشت نابمەوە)، باوکم گوتی: (باشە ئاشت مەبەوە ، بەڵام لەگەڵم وەرەوە).

حەمید گوتی: (زۆر سوپاس کوڕینە من قەت گەورەیی ئێوە لەبیرناکەم).
من رووم کردە باوکم و گوتم (باوکە راستە دەڵێن دایکم لە داخی تۆ دیقی کردووە و مرد؟) باوکم گوتی: (من لە داخی ئەو دیقم کرد) — (بەڵام ئەو کاتەی تۆ مردی دایکم زیندوو نەبوو) ـ (زیندوو نەبوو بەڵام هەموو شەوێ دەهاتە خەونم) ـ (منیش هەموو شەوێ خەون بەتۆوە دەبینم)— (ئاگات لە خۆت بێت دیق نەکەی ). پاشان پێکەنی. بەسەر خەشایاردا گوڕاندم (ئەوە تۆ چی دەنووسیەوە؟) گوتی: (هەر ئەو قسانە) گوتم: (بۆچی؟) گوتی: (لەوانەیە بەکاربێن) ـ (بەکاری چی دێن؟) ـ (بەکاری شیعرەکانم )ـ (ئەو مەنزومەیەی کە خەریکی دەینووسی؟) — (ئەرێ) — (دەکرێ بەشێك لەو جێگایانەی کەبۆمت نەخویندۆتەوە بۆمی بخوێنیەوە). خەشایار گوتی: (بەڵێ بەچاوان) و هەستا سەر پێ و لەسەر مێزەکە کۆمەڵێك کاغەزی هێنا و ماوەیەك گەڕا لەناو کاغەزەکاندا کاغەزێکی هێنایە دەرێ. دیسان گوتم: (لەو بەشەی کەپێشتر نەت خوێندۆتەوە) خەشایار سینگی ساف کرد و چاوەڕێ ما تاهەموو بێدەنگ بوون دەستی پێکرد.

**(لەو پرد بۆ ئەو پرد**

**سی و سێ پرد ، خاجووـ)**



(لا لە لای لایی لای) حەمید بەدەمی ئەو دەنگەی دەرهینا و باوکم قاقا پێکەنی.

(تاکۆتایی چۆم ـ)

حەمید دووپاتی کردەوە (تاکۆتایی چۆم) و دەستی کرد بەچەپلە لێدان و گوتی: (ئافەرین ئێرەی زۆر جوان بوو) باوکیشم دەستی کرد بەچەپڵە لێدان. چونکە پێی وابوو شیعر خویندنەوەکە تەواو بووە. بەڵام خەشایار هەروا شیعری دەخویندەوە باوکم ئیتر چەپڵەی لێنەدەدا ، بەڵکو قاقا پێدەکەنی دەنگی چەپڵە و قاقای ئەوان نەیدەهیشت لە خاشایار حاڵی ببم. ئەو هەر واخەریك بۆ بەدەنگێکی بەرز شیعرەکەی دەخوێندەوە . بەڵام دەنگە دەنگی ئەوان لە دەنگی ئەو بەرزتربوو بەلەقە لەق ئەو دوو سێ وشەیە تێگەیشتم.

((گاو خونی لەوێیە))

((لەگەڵ رێبوارانی ئاو))

((زگ پڕ و پەرێشان))

و ئیتر نەیخوێندەوە. سەری لەسەر کاغەزەکە هەڵێنا و بزەیەکی هاتە سەرلێو و دیاربوو ئەو بەشەی حەز دەکرد بیخوێنێتەوە خویندیەوە بۆمان. بایەخیش نادا کەس گوی داوەتێ یان نا.

باوکم بەزەحمەت پێشی بەخۆی گرت و لەبەر پێنەکەن چاوەکانی لەفرمێسك خووسابوون. پاشان گوتی: (ئافەرین). من دەمەویست پرسیارێك بکەم و وابنووینم کە گوێم داوەتێ . پرسیارم کرد (مەبەستت چیە لەوەی کە گوتت لەوێیە) گوتی: (هیچ مەبەستێکم نەبووە) — (چۆن

وادەبێ؟) ـ (تۆ بەخۆت سەرەتا پێم بڵێ مەبەستت لەو چیرۆکەی کەدەینووسی چیە؟) ـ (من؟) ـ (بەڵێ تۆ) ـ (کامە چیرۆك؟) (هەر لەو چیرۆکە کە شەوانە دەینووسی پێت وایە نازانم؟ من خۆم لەخەو دەکرد تۆ بەئەرخەیانی بنووسی). دیار بوو لەتوڕەیان ئەوەی گوت: وایدەزانی منیش گاڵتەی پێدەکەم و بۆیە لەداخان ئەو نهێنییەی منی ئاشکرا کرد.

## بەشی بیست و یەکەم

ماوەیەك چاوەکانم نوقاند. هێندەم راگرت تاپێلووەکانی چاوم قورس بوون و خەریك بوو خەوم لێدەکەوت. بیرم لێ کردەوە ئەگەر لەو خەونەوەدا خەوم لێکەوێت. دوایە خەبەریشم بێتەوە تازە دێمە خەونی یەکەمم. کەوایە دەبێ نەخەوم و نابێ بێڵم خەوم لێکەوێت و چاوەکانم کردەوە باوکمم دیت. ساغ و سەلیم خەریك بوو پێدەکەنی.

گوتم: (راستییەکەم پێ بڵێ تۆزیندووی؟) بەدڵنیاییەوە گوتی: (بەڵێ زیندووم) هەستا سەرپێ و جووڵاوە و خۆی پێشان دام. گوتی: (وەرە تاقی کەوە) هەستام. دەستم لێدا. بۆنم کرد. بۆنی مردووی لێنەدەهات. پێکەنی و گوتی: (بچینە قەراغ ئاو؟) گوتم: (ئێرە قەراغ ئاوی نییە؟ ئێرە تارانە).

متمانەی بەخۆ گوتی: (تاقی کەوە). بەرەو دەرکەکە رۆیشت و چاوەڕێی من بوو بەتانییەکەم لابرد و پاڵتۆیەکەم بەسەر کراسەکانم دا لەبەر کرد رۆیشتمە دەرێ. ئەگەر خەون بێ ئێستاکە دەچمە دەرێ و لەو هەواساردەی



بەرە بیانی دا وەخەبەردیم. بەڵام چوومە دەرێ و لەو سەرمایە و لەو تیشکە توندەی بەیانی وەخەبەر نەهاتم. کەوایە من بەخەبەرم بووم و ئەوەش هەر باوکم بوو کەلە شەقامی پەهلەوی لەگەڵ من بەڕێوە بوو. بەکراسێکی بێ قۆڵەوە. ئەو کاتەی رۆژ و لەو هەوایە دا و لەو تیشکە دڵنیاکەرەوەیەدا.

گوتم: (بۆ کەواکەت لەبەرنەدەکرد؟ ) گوتی: (کەوام پێویست نییە. سەرمام نییە). گوتم: (بۆ کوێ بچین ؟) گوتی: (دەچینە لالە زار) گوتم: (ئەوێ بۆ؟) گوتی: (کارم هەیە) گوتم: (کاری چی؟) گوتی: (لێم مەپرسە، من ئەوێم زۆر پێخۆشە تارانی من ئەوێیە چواڕیانی کۆنت ، لالەزار، ئیسلامبوول، فیردۆسی و سەعدی مۆخبرالدولە، مەنووچیهری، من بەس ئەو لایە چاك شارەزام.

هێندە بەیانییەکی زوو بوو کەتاکسیش دیار نەبوو. ئۆپێلێکی کۆنی شەست و یەك بۆی راگرتین کە بمانباتە فێردەوسی. لەپشتەوە دانیشتین. شەقامەکان چۆڵ چۆڵ بوون. هەوڵم دەدا سەیری باوکم نەکەم بەشکووم بزربێ. لەئاوینەکەوە چاوم بەشوفێرەکە کەوت. رەئیسەکەی پێشووم بوو. سڵاو و چاك و چۆنیمان کرد و باوکمم پێناساند. کووڕی پشتی و کورتە بالاییەکەی زۆر لەپشتەوە دیارنەبوو. دەبێ شتێکی وە بن قاچەکانی دابێ کەبرێك بێتە سەرێ. گوتی: بەیانیان زوو و کۆتاییەکانی شەو تاکسیم پێیە. چونکە هەم شەقامەکان چۆڵە و هەم خەرجی ژن و منداڵ زۆرە و دەبێ هەوڵ بدەین. سەری وەرسووڕاند و گوتی: (پێم گوتبووی چەندەم خاوخێزانەکەم خۆش

دەوێ) گوتم: (بەڵێ لەبیرمە) ئەحواڵی خێزانمی پرسی و پاشان گوتی: ((سلاوی بگەێنە)) گوتم: (بەچاوان ) لەسەرەتای مەنووچیهری دابەزین نەیدەویست کرێکەمان لێ وەربگرێت. بەڵام هەرچۆنێك بوو پارەکەمان پێدا.

## بەشی بیست و دووهەم

چووینە ناو مەنووچیهرییەوە. گوتم: (گوتت لێرە ئیشم هەیە؟) گوتی: (تۆ جاریٚ وەرە)، گوتم (گوتت شارەزای؟) پێکەنی و گوتی (ئێرە وەك بەری دەستم شارەزام ئەو گەڕەکەی ئێوە باش نازانم بەلام ئێرە لە تۆش باشتر دەزانم) زۆر خۆشحاڵ بوو و لە هەموو ئەو بەیانیانەی کەپێکەوە دەچووینە قەراغ ئاو شادتر بوو. پێکەنینم دەهات. گوتی: (بەچی پێدەکەنی؟) گوتم: (بەخودای فێڵەزانی) ساڵێکی تەواو هەموو پێمان وابوو مردووی کەچی هەر بەڕاستی زیندووی وانییە؟)

گوتی: (دەی مەعلوومە کەزیندووم. مەگەرنام بینی؟) گەشتینە گۆرەپانێکی بەرین کە شەقامەکان تەواوبوون. لەلێواری ئاوێك راوەستابووین. رێك لەبەرامبەر ئێمە و لەو بەرەوە، کۆمەڵێك داری بلیند وەستابوون و پشتەوەی دارەکانیش شاخێکی بەرز و نووك تیژی لێیٚ بوو زوو ناسیمەوە ئەو کێوی صۆفەی خۆمان بوو.

گوتم: (ئیٚ! خۆ ئەوە رووبارەکەی خۆمانە) گوتی: ( ئەوە هۆشت لەکوییە، ئەوە چوارییانی کۆنتە و ئەوەش لالەزارە من پێم گوتی ئێرانە لە



تۆ باشتر شارەزام) سەیرێکی دەوروبەری کرد و گوتی: (من زۆرم بیرەوەری لێرە هەیە. تەمەنێك لێرە خولامەتەوە).

خۆر خەریك بوو هەڵدەهات. لە لای چەپی ئێمەوە. لە ئاخری رووبارەکە و بەرەو زەلکاوەکە هەنگاوێك بەرەو راست چووینە خواریٚ.

گوتی: (کاتی شەڕ ـ شەڕی دووهەم، شەڕی دووهەمی جیهانی. نەك ئەو شەڕانەی ئەورۆ دەبینی) ـ (دەی؟) (کاتی شەڕ لێرە کافەیەکی لیٚ بوو)ـــ (لەکویٚ؟) ـ (رێك لێرە) بەنووکی پێلاوەکانی هێلێکی لەسەر خاکەکە کێشاوە و پاشان پێلاو و گۆرەوی و کراس و پانتۆڵەکەی داکەند و لە سەر گاشەبەردیك دای نا و پێی گوتم: لە پەنام دانیشە. پالتۆکەم داکەند و خستمە سەر ئەرزی. پالتۆی حەمید بوو. سەرمام بوو. ویستم دیسان لەبەری بکەمەوە. بەلام پەشیمان بوومەوە. دەبوو بێلم سەرمام بیٚ. هێشتا دەکرا سەیری رۆژ بکەین. گەرمایەکی وای نەبوو. بەلام لە خۆر هیچ. خۆر هەرخۆرە. خۆری زایەندە روود، خۆری لالەزار هەموو خۆرەکان هەریەك بوون گوتم: (دەی؟)

گوتی: (رێك لێرە بوو بە چەند قادرمە دا دەچووینە خواریٚ. کەبابی چاکی هەبوو. لەتەواوی تاراندا بەناوبانگ بوو. گۆرانیبیێژێکی پۆلۆنیایش لێرە گۆرانی دەگوت. دەنگی زۆر خۆش بوو. رەنگبی هەر لەبەر دەنگی ئەو بوو بیٚ کە کەبابەکانی هێندە خۆش بوون ئەوکات کەمن لەتاران بووم. هاوتەمەنی ئێستای تۆ بووم. بەدوای کاردا هاتبوومە تاران. هەرچەند لە ئیسفەهانیش کارزۆر بوو بەلام لەویٚ نەدەگیرسامەوە. رقم لەویٚ بوو ـ رقم لەخەیاتی بوو).

ـ (ئەی لە رووبارەکە؟) ـ (هەرکاتێك پارەم هەبایە دەهاتمە ئەو کافەیە و کەبابم دەخوارد گوێم دەدایە ئەو گۆرانیبێژە پۆلۆنیایە. هێندە هاتبوومە ئێرە لەگەڵ پۆلونیایەکە نێوانم خۆش کرد. کەسێ لەو وڵاتە دانەبوو. باوك و دایك و مێرد و منداڵەکان بەدەستی ئەڵمانییەکان کوژرا بوون و تەنیا ئەو توانیبووی رابکات و بێتە ئێران. ئەو کات کەمن هاوتەمەنی تۆ بووم. ئەو سیساڵی تەمەن بوو. لەناسکی دا دەتگوت پەڕی گوڵە. لەسپێتی دا دەتگوت بەفرە. لەجوانییەتی دا هاوتای نەبوو. ژنێکی دلۆڤان و خوێن گەرم بوو. من هێندە باش نەبووم بەڵام بۆ یەکتر باش بووین. راستە من لەو گەنجتر بووم ئەویش لە چاو ژنە ئێرانییەکان باڵابەرزتر بوو. بەڵام منیش وەك ئێستام نەبووم دووهێندەی قەڵافەتی تۆم هەبوو. هاوبەژنی یەکتر بووین. بەتەنیا دەژیا. پۆلۆنیای زۆر خۆش دەویست. پتر لە یەك دوو رستە فارسی زیاتر نەدەزانی. بەڵام هەر بەو یەك دوو وشەیە تێی گەیاندم بەر لەوەی بێتە ئێران چۆن ژیاوە و لەگەڵ مێردەکەی چۆن بووە و ئەڵمانییەکان کە هێرشیان کردووە چۆنیان خەڵك قتل و عام کردووە و بەو چەند وشەیە ئەو قسانەی کەدەبوو بیان کات، کردی. وێنەی مێرد و منداڵەکان و وەرشۆ و زۆر جیگای تری پێشانم دەدا. ئەو گۆرانییانەی کە دەیگوت هەموو باسی پۆلۆنیای دەکرد و پتر باسی رووبارەکانی پۆلۆنیای دەکرد. ناوی یەکێك لەو چۆمانەم هێشتا لە بیرە. رووباری ویسلا کەبە وەرشۆدا تێپەر دەبێ. هێندە پڕئاوە کە پاپۆری لەسەر لێدەخورن. ئەو رووبارە دەچێتە زەریاوە. لەوێ هەموو رووبارەکان دەچنە نێو زەریاوە. من پێم گوت کەئێمەش



رووبارێکمان هەیە کە دەچینە نێو زەڵکاوێکەوە، زۆرم حەزدەکرد بیبەم بۆ ئەوێ و پیشانی بدەم بەڵام نەکرا. بەر لەوەی دەرفەتێکی وا برەخسێ. شەڕ تەواو بوو و ئەو گەڕاوە پۆلۆنیا. دەمتوانی چی بڵێم ئەو پۆلۆنیای پێی خۆش بوو و منیش گەڕامەوە ئیسفەهان).

ـ (تۆش ئیسفەهانت پێی خۆش بوو؟ )ــ (نا، رقم لێ بوو، بەڵام پۆلۆنیاییەکە کەڕۆیشت. ئیتر لەتاران چم کردبایە؟ ) ـ (بریا لە گەڵی چووبایەی، یان ئەو لەگەڵت هاتبایە بۆ ئیسفەهان) ـ (نەدەکرا ئازیزەکەم. ئەو پۆلۆنیایی بوو، منیش ئیسفەهانی ئەو گۆرانیبێژ بوو و من ـ) ـ (ئەو کات تۆ هێشتا بەرگدروو نەبووی) ــ (نا، بەڵام باوکم خەیات بوو، پۆلۆنیاییەکە کە رۆیشت منیش گەڕامەوە ئیسفەهان و بوومە بەرگدروو).

ـ (مەخابن) ـ (خەیاتی پیری کردم باش بوو ئەودوکانەت لەکۆڵ بۆوە)- (لەکۆڵم بۆوە) ـ (مفت و مەرحەبا کچەکەیان لێ مارەکردی و دوکانەکەیان لێسەندنی. بەڵام قەیناکە من خێرم لەو دوکانە نەدیت، تۆش خێرت لێنەدەبینی) - (من پیرنابم؟) پێکەنی. هەستام. گوتم (پێم بڵێ هەربەڕاستی بەخۆتی؟) پێکەنی و گوتی: (ئەرێ وەڵڵا هەربەڕاستی بەخۆمم). گوتم: (راستیەکەیم پێ بڵێ)، گوتی: (چ درۆیەکم لەگەڵ کردووی؟) گوتم: (خەونی یان راستی)، گوتی: (ئەو پرسیارە قۆڕانە چیە دەیکەی؟ دەقەیەك لەمەوبەر دەتگوت مردووی یان زیندوو، ئێستا دەڵێی خەونی یان راستی، مەبەستت چیە؟) گوتم: (باشە ئەمن چی؟ من بەخەبەرم یان نووستوو؟) گوتی: (تاقی بکەینەوە؟) گوتم: (باشە) گوتم: (زلەیەکم

لێده) زلەیەکی لێدام. تەوفیری نەبوو. هەر لەوێ بووم. لەشەقامی لالەزار و لە پەنا ئاوی زایەندە روود. لەسەرەوەی قادرمە گەلێك کەرەنگبێ چل ساڵ بەر لە ئیستا دەچووە ژێرزەمینێکەوە.

هەلبەزدابەزم کرد. دیسان فەرقی نەکرد. هەر لەوێ بووم و باوکیشم لەوێ بوو. خۆم تەڕکرد. هەر لەوێ بووم. بەپانتۆڵێکی تەڕەوە لەوێ راوەستابووم و باوکم خەریك بوو وەك پاڵەوانەکان باوە خولێی دەکرد.

دیسان هەڵبەزدابەزم کرد. دەستم کرد بەهەڵاتن. دیسان هەڵبەزیم و رام کرد. خۆم بەئاوەکەدادا. چوومە ژێر ئاوەکە و سەرم وەبن ئاوەکە نا و رۆیشتمە خوارێ هەرچی پتر دەچوومە خوارێ لاقەکانم هەر نەدەگەیشتنە ئەرزی. ئاوەکە گەرمتر بووە و لەو خوارەوە ئاوەکە رێك بەقەدەر لەشم گەرم بوو. کە گەیشتمە قووڵایی ئاوەکە تەنیا گوێم لە دەنگی گۆرانی گوتنی ژێنك بوو ـ دەنگی گۆرانییەکی نامۆ لەدوورەوە.